


# بەسەرهاتەکانی
# باڵۆلی دانا

وەرگیراوە لە بەسەرهاتەکانی
( شیرین پنداندرز)

وەرگێرانی:
م/ زانا زوبێر حافز هەورامی

# بەسەرهاتەکانی بالـۆلی دانـا

وەرگیراوە لە بەسەرهاتەکانی
( شیرین پنداندرز )

وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی
( م/ زانا زوبێر حافز هەورامی )

ناوی کتێب:بەسەر هاتەکانی بالۆلی دانا
وەرگیراوە لە بەسەرهاتەکانی " شیرین پنداندرز"
وەرگێرانی: (م/ زانا زوبێرحافز هەورامی)
شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا
تیراژ : ٢٠٠٠ دانە
نرخ :٢٥٠٠
دیزاینی ناوەوە: بێرون لوقمان
ناوەندی بڵاوکردنەوە: کتێبخانەی بێخود
نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم ٢٠١٦
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (١٧٢٨ ) ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.
٠٧٥٠١٧٨٦٨١٨

## بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم كتێبە یەكێكە لە بەناوبانگترین بەسەرهاتەكانی بالۆل كە هیوادارم ئەو كردارو ڕەوشتانەی كە پێویستە لەم چیرۆك و بەسەرهاتانەی كە باس دەكرێت,ئامۆژگاری لێ وەربگرین.وە ئەو كەسانەی دەیخوێننەوە سوودی لێ ببینن.

كرمان محمود همت

دەیگوت.جارجاریش تانەو تەشەری لە ئیشەکانی حکومەتی خەلیفەی ئەوکاتەی دەدا. بەم جۆرەیش خەڵکی زۆریان خۆش دەویست و باوەڕیان زۆر پێ بوو. بەسەرهاتەکانی ئەویشیان وەك بەرنامەیەکی ژیان بەکار دەهێنا.هەروەها چیرۆکەکانی ئەویان لە کۆڕو شوێنە گشتیەکان باس دەکرد.بەڵام ئەمەی ئێستا باسمان کرد یەکێکە لەئەو چەند مێژوویانەی کە باس لە بالۆل دەکات.چونکە دورە لە ڕاستیەوە کە ئیمامێك وەك ئیمام موسی بە کەسێك بڵێت خۆت وەك شێت لێ بکە. ئەوەی زۆر لەڕاستیەوە نزیك بێت ئەوەیە کە دەگێرنەوە چەند خوێندکارێکی امام موسی(ر) دەڵێن کە لە خزمەتی امام دا بووین کە بالۆل هاتوەو پێ ی وتوە کەچارەسەرێکم بۆ بدوزەرەوە امامیش بە یەك پیت وتویەتی (ج) دوایش کەس پرسیاری نەکردوە کە امام مەبەستی چیبوە ,هەریەکەو بەمانایەك لێ ی تێگەیشتوە یەکێك لەو مانایانە بە فارسی (جنون) کە هەمان شێتیە .یەکێکی تر لەو مانایانە (جلاء وەتەن) واتە وڵات بە جێ هێشتن.یەکێکی تر بەمانای (جبال) واتە بەرەو شاخ ڕۆیشتن. بەڵام بالۆل لە مانای شێتیەکە تێگەیشتوە خۆی بە شێت داناوە.

# کورتەیەك لەژیانی بالول

بالول پێش ئەوەی خۆی وەك شێت دابنێت. ژیانێکی سادەی بووەو لەسەرێنمۆژگاریەکانی امام (ع) بەتەواوەتی وازی لە دونیا هێناو وازی لە خۆشیەکانی دنیا هێنابوو. بە پاروە نانێك قەناعەتی دەکردو سەریشی بۆ کەسانێکی وەك هارون الرشید دانەئەنواند.خوێشی زۆر لەوان بەقورستر دائەنا.

**ئەم پارچە شێعرە فارسیەیش بەمانای ئەوەیە.**

قومی ملوك گبع که از روی سلگنت
گوئی کزاحترام سلاگین کشورند
شاهان دلق پوش که گاه حمایتی
زیر گلیمشان جم وخاقان کشورند
امروز از نعیم جهان چشم دوختەاند
فردا خود از کرشمەبفردوس ننگرند
منگربەچشم خوداردراین پا برهنگان
نزد خرد عزیزتر ازدیده ترند
ادم بهشت را بدوگندم اگر فروخت
حقا که این گروه بیك جو نمیخرند

# کەسایەتی بالۆل

بالۆل لە ڕاستیدا کەسێکی بە تەقواو تێگەیشتوو زانایەکی تەواو بوو. تابڵێیت عاقڵ وزیرەك زۆرزان لە وەڵامدانەوەدا حازر وەڵام بووە لە کێشە شەرعییەکان لەگەڵ کەسە بەناوبانگەکانی ئەو کاتە دانیشتوە ڕای خۆی داوەبەڵام لەبەر ئەوەی کە خۆی وەك شێت دانابوو نەیئەتوانی زۆر قسەی خۆی فەرز بکات.

لەو کات و ساتەی ئەودا کەبۆ بیانوێك دەگەڕان کە خوێنی بڕژێنن. هیچ مەجالێکی نەبوو جگە لەوەی کە خۆی وەك شێت دانابوو.جارێکیان هارون الرشید بیستی کە یەکێك لە خوێندکارانی امام موسی (ر) بە ناوی (هشام ابن الحکم ) بە (یحیی ابن خالد برمکی) وتبوی کە زمانی بالۆل لە (١٠٠) هەزار شمشیر بۆ من زیانی هەیە بەڵام عەجابیبە کە تائیستا ماوەو هارون هیچی لێ ناکات.

# باڵۆل و خواردنی خەلیفە

دەگێرنـەوە کـە هـارون الرشـید خـواردنێکی زۆر خۆشـی بـۆ بـاڵۆل نارد.نوێنەرەکەی خەلیفە وتی ئەم خواردنە لەلایەن هارون الرشیدەوە بۆت هاتوە تایبخۆی.باڵۆل خواردنەکەی برد بۆ سەگێك کە لە کەلاوەیەکدا بوو. نوێنەرەکە بانکی کردو وتی ئەوە بۆ خواردنی خەلیفەت برد بۆ ئەو سەگە؟ باڵۆل وتی بێدەنگ بە.تا سەگەکە نەیبستوە ئەگینا ئەویش دەمی لێ نادا.

# دانیشتی باڵۆل لە سەر تەختی هارون

ڕۆژێك باڵۆل چوو بۆ کۆشکی هارون کە بینی شوێنەکەی خەلیفە چۆڵە بێ وەستان و بێ ترس چوو دانیشت.پاسەوانەکانی هارون کەئەو وەزعەیان بینی دەس بەجێ چوون بۆی دەستیان کرد بەلێدان و ئازار دانی لەسەر کورسیەکە هێنایانە خوارەوە. لەوکاتەدا هارون هاتە ژوورەوەو بینی کە هارون ئەگریت. پرسیاری کرد بۆچی ئەگری؟ پاسەوانەکان هۆی گریانەکەیان بۆ باس کرد.هارون دەستی هێنا بەسەر باڵۆل داو دڵنەوایی دایەوە. باڵۆل وتی : من بۆ حاڵی خۆم ناگریم بۆ ئەوە ئەگریم کە من چەند چرکەیەك چوومە ئەو شوێنەی تو ئەوەندە ئازارم بینی بەڵام بۆ تۆئەگریم کە هەموو تەمەنت لەو شوێنەیەو چەندە ئازارت دەدەن و بە خۆت نازانی,بیر لە هەڵسوکەوتی خویشت ناکەیتەوە.

# بالۆل وبازرگانێك

ڕۆژێك بازرگانێكی بەغدادی پرسیاری لە بالۆل كرد كە چی بكڕم تا قازانجێكی زۆر بكەم؟

بالۆل لە وەڵامدا وتی ئاسن و لۆكە.

پیاوەكە چوو تۆزێك ئاسن و لۆكەی كڕی و لە دوكانەكەی داینا, دوای چەند مانگێك قازانجێكی زۆری كرد. دوبارە ڕۆژێكی تر بالۆلی بینی ئەم جارە پێ ی وت هێ ی بالۆلە شێت ئەم جارە چی بكڕم تا قازانج بكەم؟ بالۆلیش وتی پیازو شوتی. بازرگان چوو هەرچی سەرمایەی هەبوو دای بە پیازو شوتی لە دوكان خەزنی كرد. بەڵام دوای ماوەیەكی كەم پیازەكان وشوتیەكانی گەنی و لەناوچوون و زەرەرێكی زۆری كرد. دەس بەجێ چوو بۆ لای بالۆل و وتی یەكەمجار داوای ڕای تۆم كرد وتت برۆ ئاسن ولۆكە بكڕەو قازانجێكم كرد بەڵام جاری دووەم ئەوە چ پێشنیارێك بوو كە تەواوی سەرمایەكەم لە ناو چوو.بالۆل لە وەڵامدا وتی جاری یەكەم كەمنت بینی وتت كاك شێخ بالۆل منت وەك عاقڵ سەیر كرد بۆیە منیش لەسەر عەقڵ جوابم دایتەوە. بەڵام جاری دووەم كەمنت بینی وتت شێتە, منیش وەك شێتێك جوابم دایتەوە.بۆیە بازرگانەكە شەرمەزار بوو و تێگەیشت.

(بالۆل لەگەڵ هاوڕێكەی)

کەسێك کە دەمێك بوو هاوڕێی بالۆل بوو,ڕۆژێکیان تۆزێك گەنمی هەبوو بردی بۆ ئاشەوان کە بیکات بەئارد,کەکردی بەئارد لەسەر گوێدرێژەکەی باری کرد بەڕێکەوت کەلە بەردەم ماڵی بالۆل خەریك بوو تێپەر بێت گوێدرێژەکەی شەل بوو و نەیتوانی بەردەوام بێت لە ڕۆیشتن بۆیە چووبانگی بالۆلی کرد داوای لیّ کرد کە گوێدرێژەکەی بداتیّ تا بارەکەی بگەێنێتە ماڵەوە بەڵام بالۆل چونکە سوێندی خواردبوو کە گوێدرێژەکەی نەدا بەکەس وتی: گوێدرێژەکەم لە ماڵ نیە لەوکاتەدا دەنگی گوێدرێژەکە بەرز بویەوەو دەستی کرد.بە سەڕین پیاوەکە وتی بالۆل گوێدرێژەکەت لە ماڵەو تۆیش ئەڵییت لە ماڵ نیە؟

بالۆلیش وتی کابرایەکی سەیری تۆ ٥٠ ساڵە برادەری منی بڕوا بە من ناکەیت و بە گوێدرێژەکە بڕوا دەکەیت.

# بالۆل و پزیشکی کۆشکی هارون

باس دەکەن کە هارون الرشید پزیشکێکی تایبەتی لە یۆنانەوە بانگ کرد بوو بۆ کۆشکەکەی. کە پزیشکەکە گەیشتە بەغدا هارون الرشید زۆر ڕێزی لێ نواندو بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرد بۆ ناو کۆشکەکەی.

تا چەند ڕۆژ بەرپرسە دەسەڵاتدارەکانی هارون دەڕۆیشتن بۆ لای پزیشکەکە بۆ چارەسەر کردن, لە ڕۆژی سێ یەم دا بالۆل لە گەڵ چەند کەسێك هاتن بۆ لای پزیشکەکە لە کاتی گەرمەی قسەو یەکتر ناسیندا, لەناکاو بالۆل پرسیاری کردو وتی ئیشی تۆ چیە؟

پزیشکەکەیش کە لە پێشینەی بالۆل ئاگادار بوو پێیان وتبوو کە شێتە بە مەبەستی رابواردن وتی من پزیشکم و ئەوانەی کە مردوون زیندویان دەکەمەوە!

بالۆل بێ وەستان وتی: تۆ زیندوەکان مەکوژە , مردوەکان پێشکەشت. کە هارون وخەڵکەکە وەڵامەکەی بالۆلیان بیست دەستیان کرد بە پێکەنێکی زۆر قەقەهێکی زۆر,بۆیەپزیشکەکە زۆر پێی ناخۆش بوو لە داخان بەغدای بە جێهێشت.

# بالۆل و ئامۆژگاری کردنی بۆ هارون

ڕۆژێکیان بالۆل چوو بۆ لای هارون,هارون وتی: ئامۆژگاریەکم بکە:

بالۆل وتی: ئەی هارون ئەگەر بینیت ڕۆژێك لە بیابانێکدا ئاوی لێ نیەو تۆیش زۆر تینوتە وە خەریکە ئەمری چی ئەدەی تاتۆزێك ئاوت بدەنێ,تاتینویەکەت نەمێنێ؟وتی (١٠٠) دینار ئاڵتون .

بالۆل وتی: ئەگەر ئەو کەسەی ئاوە کەی پێ یە ڕازی نەبوو,چی تر ئەدەی؟

هارۆن وتی: نیوەی دەسەڵاتی خۆمی ئەدەمێ.

بالۆل وتی: ئەگەر ئاوەکەت خواردەوەو توشی نەخۆشی (حبس الیوم) بوویت بۆ چاك بوونەوەت چی ئەدەی تا چارەسەرت بکەن؟

هارون وتی:نیوەکەی تری دەسەڵاتم دەدەم بۆ چارەسەرم, بالۆل وتی:کەواتە, بە دەسەڵاتەکەی خۆتا مەنازەو خۆت بە زل دامەنێ کە هەمووی دەسەڵاتت بایی تۆزێك ئاوە, تخوا جوانتر ئەوە نیە کە بۆ خەڵکی خوا باش بیت و چاکە بکەیت .

# ڕوبەڕوبونەوەی بالۆل لەگەڵ پیاوێکی زانا

دەگێڕنەوە کە پیاوێکی زانای بەناوبانگی خەڵکی (خوراسانی ئێران) دێت بۆ بەغدا, هارون الرشید کەبیستی هاتوە, بانگهێشتی کرد بۆ کۆشکەکەی.

پیاوە زاناکە ڕۆیشت, خەلیفە پێشوازیەکی گەرمی لێ کردو لە لای خۆی داینیشاند,دەستیان کرد بە قسە کردن, لەم کاتەدا بالۆلیش هات, بە ئەمری هارون ڕێگەیان دا بالۆل بێتە ژورەوە,پیاوە زاناکە بالۆلی بینی بە سادەیی, بە هارونی وت بەلامەوە سەیرە کە کەسێکی وەك تۆ ئاوا ڕێز لەم جۆرەکەسانە دەگرێت و بانگیان دەکەیت , بالۆل کە تێگەیشت مەبەستی ئەوە دەم و چاوی گرژ کردەوەو وتی:بە زانایی خۆت مەنازەو ئاوا سەیری منیش مەکە.ئامادەم لەگەڵت ڕوبەڕوبونەوە بکەم و بە خەلیفەیشی بسەلمێنم کە هیچ نازانیت.

پیاوەزاناکە لە وەڵام دا وتی: بیستومە تۆ شێتی, منیش ئیشم لەگەڵ شێتا نیە,بالۆل وتی:من دان بەوەدا دەنێم کە شێتم بەس تۆ دان بە نەزانینی خۆتا نانێیت.

هارون بە تورەییەوە سەیرێکی بالۆلی کرد وتی بێدەنگ بە: بەڵام بالۆل بێدەنگ نەبوو بە هارونی وت ئەم پیاوە زۆر خۆی بە زیرەك ئەزانێت,ئەگەر ڕاست ئەكات با ڕوبەڕوو بونەوەیەك بکەین.هارون الرشید بە پیاوەکەی وت چ زەرەرێکی تیایە تۆ پرسیار لە بالۆل بکەیت؟

پیاوەزاناکـە وتـی: مـن بـە مـەرجێك ڕازی ئـەبم ئەگـەر جـوابی پرسیارەکەی منی زانی ئەوە هەزار دیناری دەدەمێ ئەگەر وەڵامەکەی منیشی نەزانی ئەوە ئەبێ ئەو هەزار دینار بدات بە من.

باڵۆل وتـی مـن لـە مـاڵی دنیا هیچم نیە پـارەو پولیشم نیە بـەڵام ئامادەم ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی تۆم دایەوە پارەکەی تۆ وەرگرم و بیدەم بە هەژاران ئەگەریش وەڵامەکەی تـۆم نـەزانی ئـەوە مـن وەك خزمەتکارێك کار بۆ تۆ بکەم . پیاوە زاناکە قبوڵی کرد. پرسیارەکەی ئاوا دەس پێ کرد.

لەماڵێکدا ژنێك لەگەڵ مێردە شەرعیەکەی خۆی دانیشتوە هـەروەها هـەر لـەو ماڵـەدا نەفـەرێك خـەریکی نوێـژ کردنـەو نەفـەرێکی تـریش بەڕۆژووە لەم کات و ساتەدا پیاوێك لە دەرەوە بیتـە ژوورەوە هـەر بە هاتنی ئەو ژنەکەو مێردەکەی کە لە ماڵەوە بوون لە یەك حەرام دەبن و ئەو پیاوەی کە نوێژی دەکرد نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو ئەو کەسەی بە ڕۆژوو بو ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. ئایا دەزانی ئـەو کەسـە کێ بوو؟

باڵۆل یەکسەرەو بێ وەستان وەڵامی دایـەوەو وتـی: ئـەو کەسـە کـە هاتە ژوورەوە پێشتر هاوسەری ئەم ژنە بووە ڕۆیشتوە بۆ سـەفەر لـە سەفەرەکەی زۆری پێچووە هەواڵیان هێنـاوە کـە مـردوە ئـەو ژنـە کـە بەئەمری حاکمی شـەرعی بـووە بـە هاوسـەری ئـەو کەسـە کـە لـەپاڵیا دانیشتوە پارەیان داوە بەو دووکەسەیش کە یەکێکیان بۆ پیاوەکە کە مردوە نوێژ بکات ئەوی تریشیان ڕۆژوو بگرێت لەم کاتـەدا پیاوەکـەی

خۆی کە ڕۆیشتبوو بۆ سەفەرو هەواڵی مردنیان دابو لە سەفەر یتەوەو بە هاتنی پیاوەکەی خۆی ژنەکە بۆ پیاوە دووەمەکە حەرام دەبێت و ئەو پیاوەیش کە نوێژی بۆ مردووەکە دەکرد نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە هەروەها ئەویشی کە ڕۆژووی بۆ مردووەکە گرتبو ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

هارون الرشیدو ئەوانەی کە لەوێ بوون بە وەڵام دانەوەی باڵۆل سەریان سۆرماو زۆر پێ یان خۆش بوو دەسخۆشیان لە باڵۆل کرد.

باڵۆل وتی: ئێستا سەرەی منە کە پرسیارت لێ بکەم پیاوەکەیش وتی پرسیار بکە باڵۆل,باڵۆلیش وتی:

ئەگەر تەشتێك پڕ لە شیلەو تەشتێك پڕ سرکەمان هەبێت و بمانەوێ (سەرکنەگەبین)ە دروست بکەین,ئەگەر قاپێك لە سرکەکە و قاپێك لەشیلەکە لەناو قاپێکی تردا تێکەڵی بکەین بۆ دروستکردنی (سەرکنەگەبین)دوایی پێمان زانی کە مشکێکی تیابووە بە چیا بزانین مشکەکەکە لەناو کام تەشتیان بووە؟پیاوەکە زۆر بیری کردەوەو جوابی پێ نەبوو.

هارون الرشید داوای لە باڵۆل کرد تا خۆی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە,باڵۆل وتی: بەو مەرجەی ئەم پیاوە دان بەوەدا بنێ کە نەزانەو شتی وا نازانێ.پیاوەکە ناچار دانی بەوەدانا کەنەزانە,باڵۆل وتی: ئەبێت مشکەکە دەر بێنین و جوان بە ئاو بیشۆرین, دوای ئەوە کە جوان لە سرکەو شیلەکە پاك بوویەوە ناوسکی هەڵئەدڕین و ئەگەر لە ناو سکی دا سرکە بوو ئەوە لە ناو تەشتە سرکەکەدا بووە

ئەگەریش شیلەی تێدا بوو ئەوە لە ناو تەشتە شیلەکەدا بووە.دەبێتیش جوان شیلەکە پاك کەینەوە,هارون الرشیدو ئەوانەی لەوێ بوون دیسان ئافرینی بالۆلیان کردو لە ئەو هەموو زیرەکیەی سەریان سۆرما, پیاوەکەیش ناچار کە مەرجەکەی دۆراند بوو هەزار دینارەکەی دا بە بالۆل و بالۆلیش لە ناو هەژارەکانی بەغدایا دابەشی کرد.

## بالۆل و خزمەت کارێك کە لە شەپۆلی ئاو ئەترسا

باس دەکەن کە بازرگاناکانی بەغدا لەگەڵ خزمەت کارەکانیان لە بەغداوە بۆ بەصرە بە پاپۆر کەوتبونە ڕێ لە ناو پاپۆرەکەدا بالۆل و چەند کەسێکی تریشی تێدا بوو,خزمەت کارێك زۆر لە شەپۆلە ئاوەکە دەترساو دەگریا.نەفەرەکانی ناو پاپۆرەکە زۆر بێتاقەت بووبون لەگریانی ئەو خزمەت کارە, بالۆل بە بازرگانەکەی وت با لەگەڵ خزمەتکارەکەت قسە بکەم بەڵکو بتوانم بێدەنگی بکەم.بازرگانەکە ڕازی بوو, بالۆلیش دەس بە جێ وتی بیخەنە ناو ئاوەکەوە,خزمەت کارەکە تا نزیکی خنکاندن لە ناو ئاوەکە مایەوە, بالۆل وتی ئێستا دەریبێنن,خزمەت کارەکە کەهاتەوەناو کەشتیەکە لە سوچێکدا دانیشت و بێدەنگ بووبو.

ئەوانەی لە ناو کەشتیەکەدا بوون بە بالۆلیان وت حیکمەتی ئەم ئیشە چیبوو؟ چۆن ئاوا بێدەنگ بوو؟

بالۆل وتی: ئەم خزمەت کارە قەدری ئەم کەشتییەی نەئەزانی کە کەوتە ناو ئاوەکەوە بۆی دەرکەوت کە کەشتیەکە زۆر باشترە لە ناو ئاوەکەو شوێنێکی هێمنترە.

## هارون و بالۆل

هارون الرشید بۆ مەبەستی حەج کردن لە بەغداوە کەوتە ڕێ گەیشتە کوفە خەڵکی کوفە لە هەموو لایەکەوە هاتن بۆ بینینی خەلیفە

هارون الرشیدیش لە ناوکالیسکەکەدا ئەو هەموو قەرەباڵغیەدا هەستی بە دنیایەکی تر ئەکرد کە ئەو هەمووخەڵکە هاتون بۆ سەیری ئەو،کتوپڕ بالۆل لە ناو ئەو خەڵکە زۆرەدا بانگی کرد. هارون!؟ هارون!؟

هارونیش بەو کەسانەی کە لە نزیك یا بوون وتی ئەوە کێ یە ئاوا بەو بێ ڕێزیە بانگم دەکات؟ وتیان: بالۆلە. هارون پەردەی کالیسکەکەی لا بردو سەیری بالۆلی کرد. بالۆل وتی: قەولێك هەیە لە (قدامە ابن عبداللە عامری)کە باس لەوە دەکات پێغەمبەری خوا (د.خ) کاتی ڕەجم کردنی شەیتان بینیم حەزرەت کە خەڵکەکە نزیك ئەبوونەوە خۆی دوور نەئەبوەوەو لە گەڵ خەڵکەکەدا زۆر بە ڕێزەوە هەڵس وکەوتی دەکرد.

بەڵام لەم سەفرەی تۆدا هەست بە زل زانینوو خەڵکی بەکەم زانین دەبینم.

هارون الرشید کە گوێ ی لەم قسانە بوو دەستی کرد بەگریانێك کە فرمێسکەکانی دەکەوتە خوارەوە وتی: ئافەرین بالۆل کە منت بەخەبەر هێنایەوە, ئامۆژگاریەکم بکە:بالۆل وتی: ئەی خەلیفە تۆ ئەزانی کە خوا ئەو هەموو دەسەڵات و پلەیەی پێ داوی کەواتە پێ ی مەنازە و خوات لەبیر نەچێتەوە, بە قسە هیچ و پوچەکانی دەورو بەرت مەخەڵەتێ, جۆرێك دەسەڵات بەرێوە بەرە کە دوای مردنت ئەوانەی تۆ نابینن بە بێ درۆ باسی تۆ بە باشە بکەن, کەواتە حەق بێژی و یەکسانی بڵاو بکەرەوەو ئەوانەی کە بێ کەس و داماون ستەمیان لێ مەکە, تا تۆ لەپیاو چاکەکان بیت. هارون وتی: (احسنت بارك الله )ئامۆژگاریەکی جوان بوو. ئەمری کرد خەڵاتێکی بدەنێ,بالۆل وتی من پێویستم بە خەڵاتی تۆ نیە, خەڵاتەکە بدە بەوانەی کە پێویستیان پێ یەتی .

جا بالۆل ڕووی کردە ئاسمان و وتی: من وتۆ هەردووکمان بەندەی خواین, چۆن تۆ ئەبینێت و منی لەبیر ئەچێت؟!

# پرسیاری هارون له بالۆل

ڕۆژێك هارون الرشید له جەوێكی خۆشدا له كۆشكەكەی ڕووی كردبووه دیجلەو سەیری شەپۆلی ئاوەكەی دەكرد.لەم كاتەدا بالۆل هاته ژوورەوه هارون الرشید به پێكەنینەوه بەخێر هاتنی بالۆلی كردو پێی وت دانیشه,دوایی پێ ی وت بالۆل ئەمرۆ پرسیارێكت لێ دەكەم ئەگەر زانیت ئەوه هەزار دینارت دەدەمێ ئەگەریش نەتزانی ئەمر دەكەم هەر لێرەوه بدخنه ناو دەریاكەوه.بالۆل وتی من پێویستم به پاره نیه بەڵام به مەرجێك ڕازی دەبم ئەگەر وەڵامەكەم زانی ئەبێت (١٠٠)كەس لەوانەی كه له سجنەكەی تۆدان و هاوڕێ ی منن ڕزگاریان بكەی ئەگەریش وەڵامەكەم نەزانی ئەو كات بمخەره بەحرەكەوه, هارون قبوڵی كردو پرسیارەكەی بەم شێوه لێ كرد؟

ئەگەر مەڕێك و گورگێگ و فەردەیەك كامان هەبێت بمانەوێ ئەم سێ شته یەك به یەك بیان بەینه ئەوبەری ئەم ڕووبارەوه چۆن ئەتوانین بیان بەین كه نه گورگەكه مەڕەكه بخوات و نه مەڕەكه كاكه بخوات؟

بالۆل وتی: یەكەم جار مەڕەكه دەبەین و دوایی بینەوه كاكه دەبەین دیسانەوه مەڕەكه ئەهێنینەوه بۆ ئەمبەر دوای ئەوه گورگەكه دەبینه ئەوبەر ئەمجاره بینەوه مەڕەكه دەبینەوه,ئاوا نەمەڕەكه كاكه دەخوات و نه گورگەكه مەڕەكه دەخوات.هارون وتی (احسنت) وەڵامەكەت تەواو بوو, بالۆل وتی ئێستا بەڵێنەكەت بەره سەرو ئەو (١٠٠) كەسەم بۆ ڕزگار بكه.خەلیفه ئەمری كرد كه داواكەی بالول به

زوترین کات جێ بە جێ بکەن بالولیش بە خۆش حالیەوە شێتانە بە کۆلانەکاندا رای دەکرد

## داواکاری هارون لەبالۆل بۆ ئامۆژگاریەك

باس دەکەن ڕۆژێك هارون الرشید لە ڕێگەیەکدا تێ ئەپەڕی بالۆلی بینی کە سواری دارێك بووە وەك منالەکان ڕا دەکات.هارون بانگی کرد.

بالۆل هاتە پێشەوەو وتی ئیشت چییە؟ هارون وتی ئامۆژگاریەکم بکە: بالۆل وتی بە چاوی دڵەوە سەیری ئەو خەلیفانەی کە لە ناو گۆڕستانان بکەو ئەوە باشترین ئامۆژگاریە, کە باش ئەزانی ئەوانیش لە نازو نیعمەتا بوون و لە ناو ئەو کۆشکەدا بوون کە تۆی تیای بەلام ئەوەتا هەموویان لە ناوبستێك خاك و مارومێلکە دان, هەزار جار پەشیمانن لەو کردەوە خرابانەی کە کردوویانە, بزانە کە ئێمەیش دووچاری هەمان شت دەبینەوە. هارون هەموو گیانی لەرزی دووبارە وتی چیبکەم کە خوا لێم ڕازی بێت؟ بالۆل وتی: کردەویەك ئەنجام بدە کە خەڵکی خوا لێت ڕازی بێت, یەکسانی و دادپەروەری بکە بە پیشەت ئەو شتەی کە بۆ خۆتی بە باش نازانی بۆ خەڵکیشی بە باش مەزانە,نزاو ناڵەی مەزلوم و ستەم لێکراوەکان ببیسە ؟ بە وردی لێ ی بکۆڵەوەو حوکم بکە, هارون وتی:(احسنت) بۆ تۆ ئەی بالۆل بەڕاستی ئامۆژگاریەکی جوان بوو ئەمر ئەکەم قەرزەکەی تۆ جێ بە جێ بکەن.بالۆل وتی:حاشا دین بە دین چۆن ئەبێت ؟ ئەوەی ئێستا لە

لاتەو هی خەڵکە بیدەرەوەو منەتیش مەکە بەسەر منا.هارون وتی داواکاریەکی ترم لیّ بکە: بالۆل وتی داوام ئەوەیە کە گویّ بە ئامۆژگاریەکانم بگری و جیّ بە جیّیان بکەی بەڵام بە داخەوە دەسەڵات وای لە دڵت کردووە کە هیچ ئامۆژگاریەك تەئسیرت لیّ ناکات. دوایی دارەکەی خستە ڕیّ و وتی دوور کەونەوە ئەسبەکەی من جووتە ئەوشێنیّ ئەمەی وت و سواری دارەکەی بوو و ڕای کرد.

# ئامۆژکاریکردنی بالۆل بۆ فضل ابن ربیع

دەگێرنەوە ڕۆژێك (**فضل ابن ربیع**)وەزیری هارون الرشید لەڕێگەیکدا تێ ئەپەڕی بالۆلی بینی لە سوچێکدا دەست بە ئەژنۆ دانیشتبوو (**فضل**) بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد بالۆل چییەکەی؟

بالۆلیش سەری بەرز کردوەو کەبینی **فضله** وتی: لە ئاخرو عاقیبەتی تۆ ئەترسم کە تۆیش وەك (جعفر برمکی) توش بیت.

**فضل** تۆزیك ترساو وتی بالۆل من باسی جعفرم لە یادەوە بیستوە بەس لە تۆو نەم بیستوە حەز ئەکەم بزانم چۆن کوژراوە بێ کەم وزیا.

بالۆل وتی: لەو زەمانەدا (مەهدی کوڕی منسور یحیی ابن خالد برمکی) بو بە ڕاوێژکاری هارون , لە ماوەیەکی کەم دا راوێژکاریەکەی خۆی دا بە یحیی و جعفری کوڕی , خۆشەویستی هارون بۆ جەعفەر وای لێ هات کە (عباسە)ی لێ مارەکرد بەڵام پێ ی وت جارێك دەست درێژی نەکانە سەری ,بەڵام جعفر بە گوێ ی هارونی نەکرد, هارون کە ئەمەی بیست, ئەو هەموو خۆشەویستیەی کەهەیبوو بۆ جعفر هەمووی بوو بە ڕق هەر ڕۆژ بۆ بیانویەك دەگەڕا بۆ لە ناوبردنی جەعفەرو تایفەکەی, تاشەوێکیان بە یەکێك لە پاسەوانەکانی بەناوی (مەسروو) وتی برۆ سەری جەعفەرم بۆ بێنە مەسروور ترساو سەری داخست و بیری لێ ئەکردەوە.هارون پێ ی وت بۆچی بێدەنگ بوویت بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ مەسروو وتی: ئیشێکی زۆر قورسە خۆزگە پێش ئەم ئەمرەت مردبوومایە. هارون وتی: ئەگەر ئەمرەکەم جێ بە جێ نەکەی

وا ئەتكوژم كە باڵندەكان بۆت بگرین. مەسروو ناچار بوو ڕۆیشت بو ماڵی جەعفەر و بەنارەحەتیەكی زۆرەوە بە ترسێكەوە ئەمرە بێ ڕەحمانەكەی هارونی پێ وت .جەعفەر وتی: لەوانەیە هارون لەكاتی هۆشیاریدا نەبوو بێت.دوایی پەشیمان ببێتەوە . بڕۆرەوەو بە هارون بڵێ كەمنت كشتوە. ئەگەر تا بەیانی بینیت پەشیمان نەبووبویەوە , ئەوە ئەو كات من یم و سەری خۆم تەسلیمی تۆ دەكەم. مەسرور زاتی نەبوو داواكەی جەعفەر جێ بە جێ بكات . بە جەعفەری وت تۆ وەرە لە گەڵم لە پشتی پەردەكەوە بۆستەو بەڵكو هارون خۆشەویستیەكەی تۆی بیر كەوێتەوەو لە بریارەكەی پاش گەز بێتەوە, جەعفەر قبوڵی كردو بەرێ كەوت بۆ ئەو شتەترسناكەی كە چاوەڕی لێ ئەكرد. كە گەیشتنە نزیكی پەردەكە مەسرور بە ترسەوە چوو بۆ لای هارون . هارون وتی: چیت كرد مەسرور؟ مەسرور وتی: جەعفەرم هێناوە لە دەرەوە چاوڕێ دەكات, خەلیفە بە تورەییەوە وتی ئەگەر لە ئەمرەكەم دوابكەوی ئەوە تۆ پێش ئەو ئەكوژم, مەسرور ئیتر مەجالی نەماو چوو بۆ جەعفەرێك كە جەستەیەكی جوان و یەكێك لە بەناوبانكەكان و زیرەكەكانی سەردەمی خۆی بوو, سەری لێ كردەوەو هێنای بۆ هارون . هارونی بێ رەحم بەوەیش قەناعەتی نەكرد, ئەمری كرد هەموو تایفەی بەرمەكییەكان لە ناو بەرن , هەرچیشیان هەبوو داگیریان كرد,لاشە مردووەكەی جەعفەریشیان لە ناوەراستی شاری بەغدایا هەڵیان واسی تا سێ ڕۆژو دوایش سوتانیان.

ئێستا ئەی فـضل من لە عاقیبەتت ئەترسم تۆیش وەکو جەعفەرت لێبێت.

**فضل** زۆر لە قسەکانی بالۆل ترساو داوای کرد دوعای بۆ بکات کە سەلامەت بێت.

## چیرۆکی دروست کردنی مزگەوتەکەی فضل بن ربیع

دەگێرنەوە کە **فضل** بن ربیع لە شاری بەغدا مزگەوتێکی دروست کرد. ئەو ڕۆژەی بەتەمای ئەوە بوو کە کەتیبەکەی بۆ بنوسوون, لە **فضل** پرسیان کە چی بەسەر کەتیبەکەوە بنووسین؟ لەو کاتەدا بالۆل لەوێ بوو پرسیاری کرد مزگەوتەکەت بۆ کێ دروست کردوە؟

**فضل** جوابی دایەوە بۆ خوا.

بالۆل وتی: ئەگەر بۆ خوایە ناوی خۆت مەنووسە.

**فضل** توڕەبوو و وتی: بۆچی ناوی خۆم نەنوسم با خەڵك بزانن کە کێ دروستی کردوە ؟

بالۆل وتی: ئەگەر وایە لەسەر مزگەوتەکەت بنووسە کە بالۆل دروستی کردوە, **فضل** وتی: هیچ کات شتی واناکەم , بالۆل وتی کەواتە تۆ بۆ ئەوە ئەم مزگەوتەت دروست کردوە کە خۆت دەربخەی وایش بێت پاداشتەکەت لە دەس دەرچووە, **فضل** لە وەڵامەکەی بالۆل

دڵتـەنگ و بێـدەنگ بـوو , دوایـی ووتـی: بـالۆل هەرچـی ووت ئـەوە بنووسن. بالۆلیش وتی ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بنوسن.

## بالۆل و دزێك

باس دەکەن ڕۆژێك بالۆل جووتێ پێڵاوی تازەی کڕی بوو ,چوو بۆ مزگـەوت تـا نوێـژ بکـات لـەو شـوێنەدا پیـاوێکی بینـی کـە سـەیری پێڵاوەکانی دەکات , زانـی کـە بەتـەمای پێڵاوەکانیـەتی , لـەداخان پێڵاوەکانی گـرت بەدەسیەوەو جا نوێـژی کـرد, پیاوەکـە وتـی بـە پێڵاوەوە نوێژ دروست نیە, بالۆلیش وتی:ئەگەر نوێژەکە دروست نەبێ پێڵاوەکان نادزرێن.

# پرسیاری هارون له بالۆل

ڕۆژێك بالۆل چوو بۆ لای هارون بێ وەستان له لای سەرەوەی هارون دانیشت. هارون زۆری پێ ناخۆش بوو, ویستی تەرێقی بکاتەوە, بەڵام قسەی نەکردو وتی: ئایا بالۆل دەتوانێت جوابی پرسیارەکەم بداتەوە.؟بالۆلیش وتی ئەگەر بڕیار بدەیت مەرجەکەم جێ بە جێ بکەیت و پاشگەز نەبیتەوە وەکو جارەکانی تر.هارون وتی: ئەگەر جوابی پرسیارەکەم بدەیتەوە ئەوە هەزار دینارت دەدەمێ ئەگەریش نەتوانی ئەوە ئەمر ئەکەم ریش و سمێڵت بتاشن و سواری گوێدرێژێکت بکەن و لەناو بازار و کۆڵانی بەغدایا بت گێڕن.

بالۆل وتی: من پێویستم بە پارەنیە بەڵام بە مەرجێك جوابت دەدەمەوە, هارون وتی مەرجی تۆ چییە ؟بالۆل وتی: ئەگەر جوابی تۆم دایەوە ئەبێ ئەمر بکەی مێشەکان ئەزیەتم نەکەن و نەین بە دەورما. هارون تۆزێك بێدەنگ بوو سەری داخست و وتی ئەوە مەحاڵە, مێش کوا بە گوێ ی من دەکات. بالۆلیش وتی دەی کەسێك نەتوانێ ئەمر بە مێشێك بکات چۆن چاوەڕێی لێ دەکرێت ؟ ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون سەریان سوڕماو جواب و عەقڵی بالۆلیان بە لاوە سەیر بوو. هارونیش لە قسەکەی بالۆل شەرمی کردو سەری داخست ,بالۆل کە زانی هارون چاوەڕێ ی ئەوە دەکات حەقی لێ بکاتەوە.ویستی دڵی بێنێتەوە, وتی بەس قەینا بێ مەرجیش جوابت دەدەمەوە: هارون وتی: ئەوە چ دارێکە یەکساڵ تەمنیەتی و دوانزە لقی پێوەیەو لە هەر لقێکیش سی

گەڵای پێوەیەو لەسەری هەرگەڵایەك ڕوناك و سەرەكەی تریشی تاریكە؟ باڵۆلیش یەكسەر وەڵامی دایەوە:ئەو دارە ساڵ و مانگ و ڕۆژو شەوە,هەر ساڵێكمان دوانزە مانگەو هەر مانگێكمان سی ڕۆژە كە نیوەی ڕۆژو نیوەكەی تری شەوە. هارون وتی: احسنت زۆر تەواوە. ئەوانەیشی لەوێ بوون لە وەڵام دانەوەكەی باڵۆل خۆشحاڵیان دەربڕی.

## بەخشیشی خەلیفە بە باڵۆل

ڕۆژێكیان هارون الرشید مەبلەغێك پارەی دا بە باڵۆل بۆ ئەوەی بی بەخشێت بە فەقیرو هەژاران باڵۆل پارەكەی وەرگرت و دوایی دایەوە بە هارون خۆی. هارون وهۆكەی چییە كە داتەوە بە خۆم.

باڵۆل وتی: هەرچی بیرئەكەمەوە لە خۆت هەژارتری تێدا نیە, لەبەر ئەوە پارەكە دەدەمەوە بە خۆت.چونكە دەبینم پاسەوانەكانی تۆ بە زۆری شەق باج لە دوكاندارەكان وەردەگرن و ئەیهێنەوە بۆ خەزێنەی حكومەت ,لەبەر ئەوە وابزانم لە تۆ فەقیرتری تێدانیە,بۆیەپارەكەم داوە بەخۆت.

# بالۆل وهارون

ڕۆژێك هارون به بالۆلی وت:گەورەترین نیعمەتی خوا چییە؟

وتی: گەورەترین نیعمەتی خوا عەقڵە, (خواجە عبدالله انصاری) لە موناجاتەکەیدا دەڵێت.

(خدواندا انکه را عقل دادی چه ندادی , و انکه را عقل ندادی چه دادی)

لە غەیبەوە باس لەوە دەکەن کە خوا ئەگەر بیوێت شتێك لە مەخلوقی خۆی بسێنێتەوە یەکەم شت عەقڵە وە عەقڵیش یەکێکە لە رزقەکان بەس بەداخەوە کە خوای گەورە عەقڵی لە من وەرگرتوەتەوە.

# بالۆل و دز

دەگێرنەوە کە بالۆل کەلاوەیەکی هەبوو, لە تەنیشتی کەلاوەکەیدا دوکانێکی پینەچی هەبوو,کە پەنجەرەی دوکانەکە بەرامبەر کەلاوەکە بوو.بالۆلیش تۆزێك پارەی لە ژێر خۆلّ دا لە ناو کەلاوەکە شاربیبوەوەو هەرکات چەنی پێویست بووایە دەهات وبەشێکی لێ وەردەگرت,دووبارە دەی شارییەوە,ڕۆژێکیان کە هات تۆزێك پارە بەرێت کە خۆڵەکەی هەڵدایەوە بینی پارەکەی نەماوە,زانی کە پینەچییەکە بردویەتی, بەڵام دەنگە دەنگی نەکرد و چوو بۆلای پینەچییەکەو لە پاڵیا دانیشت ,دەسی کرد بە قسەکردن و بۆ ئەوەی مەشغوڵی بکات,وتی:برای ئازیز حیسابێکم هەیە بۆم دەکەی,پینەچییەکە وتی بڵێ :بالۆل چەند کەلاوەیەکی ناویردو لەگەڵ ناوەکانیشییاندا مەبلەغێك پارەیشی دەوت و تا دواجار وتی ئەم کەلاوەیشم کەماڵی منە ئەوەنە پارەی تیایە,پینەچییەکەوتی, کۆی هەموو پارەکان (٢٠٠٠دینار)دەکات,بالۆل تۆزێك بێدەنگ بوو وتی:ئێستا ڕێنمونیەکم لە تۆدەوێت برام,پینەچی وتی چ ڕێنمونیەك,بالۆل وتی:دەمەوێت هەموو پارەکانم لێرەدا بشارمەوە چونکە ماڵەکەیشم لێرەدایە,تۆ ئەڵەی چی؟باشە یان نا؟ پینەچییەکە وتی بیرۆکەیەکی زۆر باشەوهەموو پارەکەت بێنەو لێرە بیشارەوە.کەماڵەکەی خۆتی تێدایە.

بالۆل وتی: تۆ ڕاست دەکەی بابڕۆم هەموو پارەکانم کە لە کەلاوەکانی تر شاردوەتەوە دێنم بۆ ئێرە, ئەمەی وت و چوو دور کەوتەوە,پینە چییەکە بە خۆی وت باشتر وایە بڕۆم ئەم تۆزە پارەیەی کە دزیومە بیخەمەوە شوێنی خۆی تا هەموو پارەکانی تری کە هێنا بەیەکەوە بیدزم,ڕۆیشت پارەکەی خستەوە شوێنی خۆی, دوای چەند کاتژمێرێك بالۆل هاتەوە بۆ کەلاوەکەی و بینی کە پینە چییەکە پارەکەی هێناوەتەوە,بالۆلیش هەموو پارەکەی وەرگرت و سپاسی خوای کرد.کەلاوەکەی بە جێهێشت و چوو بۆ شوێنێکی تر,پینەچییەکە هەرچی چاوەڕی ی کرد بالۆل نەهاتەوە , دوای چەند ڕۆژێك بۆی دەرکەوت کە بالۆل فێڵی لیێ کردوە.

## (بالۆل و والی کوفە)

(اسحق بن محمد بن صباح) والی کوفە بوو. هاوسەرەکەی کچێکی بوو,والی بێتاقەت بوو نان و ئاوی لە خۆی قەدەغە کردبوو ,بالۆل ئەمەی کە بیست هات بۆ لای و وتی:

ئەی والی ئەم غەم و پەژارەییە بۆ چییە ؟والی وتی من حەزم ئەکرد منالێکی کوڕم هەبوایە,بەلام بەداخەوە هاوسەرەکەم کچی بووە.

بالۆل وتی: ئایا حەزت ئەکرد لە جیێ ی ئەم کچە جوان و خنجیلانەیە ,خوا کوڕێکی شێتی وەکو منی پیێ بەخشیایەی ,والی زردەخەنیەکی

کردو سپاسی خوای کردو داوای خواردن و ئاوی کرد,ئیجازەیشی یا خەڵك بێت و پیرۆز بایی لیّ بکەن.

## پرسیاری هارون لە بالۆل سەبارەت بە امام علی

ڕۆژێك بالۆل هات بۆ لای هارون,هارون زۆر خۆشحاڵ بوو,پرسیاری لە بالۆل کرد,ئایا علی ابن ابی **طالب** پلەی گەورەترە یان ابن عباس مامی پێغەمبەر(د.خ) بالۆل وتی ئەگەر وەلامی ڕاست بدەمەوە دەم پارێزی , هارون وتی پارێزراوی,

بالۆل وتی : علی (ر) دوای پێغەمبەر (د.خ) گەورەترین کەس بوو لە ناوموسڵمانانندا , لەگەڵ پێغەمبەراندا فەرقی نیە,چونکە کەسێکی ئازاو زیرەك بوو لەدیندا, لەگەڵ ئەویشدا دینی خوا چی وتوە بیّ کەم و زیاو قۆناغ بە قۆناغ جیّ بەجیّ ی کردوە,جگە لە گیانی خۆی منالّەکانیشی لە بەرامبەر دینەکەی خودادا پێشکەش کردوە,لە هەموو غەزەواتەکاندا لە پێشی پێشەوەی سۆپاکەدا بووەو قەد نەبینراوە لە شەڕێکدا پشتی لە دوژمن بوو بێت.پرسیاریان لیّ کرد ئەی علی(ر) بۆچی ئاگاداری خۆت نیت لە شەڕەکاندا لەوانەیە بیانەوێت شەهیدت بکەن,

جوابی دایەوەو فەرمووی: شەڕ لە ڕێگەی خودادایەو بۆ هەوا و هەوەس نیەو هیچ ڕقێك نابینم, گیانی منیش بە دەس خودایە,لە شەڕێکیشدا بکوژرێم بە خواستی خوداو لە ڕێگەی خودادا بووەو(ج

شانازیەك لەوە گەورەتر كە لە ڕێ ی خوا بكوژرێم منیش بڕۆمە لای ئەو پیاو چاكانەی خودا,هەروەها كاتێك ئەمیری باوەرداران بوو شەوو ڕۆژ ئیسراحەتی نەدەكردو تەوای كاتی خۆی تەرخان كردبوو بۆ گیرو گرفتەكانی موسلمانەكان و عیبادەتی خوا , دینارێكی (بیت المال)ی خەسار نەئەداو,جارێكیان عقیلی برای كە خێزانێكی زۆر بوون داوای كرد كە جگە لەوەی كە لە (بیت المال) بەشی دەدرێت شتێكی زیادەیشی بدرێتێ, علی (ر) داواكەی جێ بە جێ نەكرد پێ ی وت وەرە ماڵەكەی خۆم ببینە, عقیل كە وەزعی ژیانی بینی شەرمی كردو ئیتر داواكەی دووبارە نەكردەوە,بە تەواوی والیەكان ئەمری دەكرد كە زوڵم نەكەن و بە یەكسانی و دادوەرانە حوكم بكەن , وە هەر والیەك زوڵمی بكردایە زۆر تووڕە دەبوو و جاری وایش لای دەبرد لە پۆستەكەی,ئەگەر والیەكەیش خزمی بوایە.

هارون داوای لێ كردو وتی:باشە بەو هەموو گەورەییەی بۆ چی كوشتیان؟

بالۆل وتی: زۆربەی ئەوكەسانەی ڕاست بێژن و ڕاستی ناشارنەوە دەیان كوژن,وەكو (عیسی بن مریم ع) وداودو یحیی و هەزاران پێغەمبەرو پیاو چاكانەی كە لە ڕێ ی خوا كوژران.

هارون وتی: ئێستا بۆم باس كە علی (ر) چۆن كوژرا؟

بالۆل وتی: لە حەزرەتی زین العابدین وە دەگێڕنەوە , كە ابن ملجم كە بە نیەتی ئەوە هاتبو علی (ر) بكوژێت كەسێكی

لەگەڵ خۆی هێنابوو,ئەو کەسە لە خەوێکی قوڵدا بوو هـەروەها ابن ملجمیش خەوتبوو.ئەمیری باوەرداران کە هات بۆ مزگەوت ئەوانەی خەوتبوون بە خەبری هێنانەوە بۆ ئەوەی نوێژەکەیان بکەن,کە دەستیان کرد بە نوێژی جەماعەت ئەو مەلعونە بە شمشێرەکەی یای لەو شوێنە کە پێشتر لە شەڕ(عمروبن عبدود )یابوی لە سەری موبارەکی .چونکە شمشێرەکەیشی بە ژەهرەو تێئالابوو, دوای سێ ڕۆژ گیانی موبارەکی تەسلیمی خوا کرد.لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا ڕوی کردە منالـەکانی و فـەرمووی ,قسەو فەرمایشتەکانی پێغەمبەران و صالحان وپیاو چاکان بۆ ئێوە باشترە,ئەگەر من بەم جۆرە مردم ئەوە بەقاتڵەکەی من یەك جار زیاتر بە شمشێرەکە لێ ینەدەن و جەستەیشی پارچە پارچە نەکەن, ئەمەی فەرموو بێ هۆش بوو,دوای چەند کاتژمێرێك کە بە هۆش هاتەوە,دوبارە فەرمووی لەم کاتەدا ڕەسولی خوام بینی کە فەرمووی بەیانی بیت بۆ لامان ئەمەی فەرموو و گیانی تەسلیمی خوا کرد.لەو کاتە ساتانەدا ئاسمان و زەمین بە لەرزە کەوتن و دەنگی ملائیکەکەن دەبیسرا.

لەم بارەیەوە شاعیر چەن خۆشی وتوە.:

امشب لوای جورو جفا مشرکین زدند
از ان شکست لگمه بە ارکان دین زدند
گفتی مگر کە خانه ایمان خراب شد
زان صدمەایکە بر بدر مومنین زدند

سکان اسمان همه در ماتم عـلـی
تاج کرامت از سر خود بر زمین زدند
اب روان بـکام جـهان تلخ شد مگر
زهـر جـفا بچشمه ماه مـعین زدند
اهل ستم ز کشتن داماد گـاوهـا
تیر الم به جان ودل یا وسن زدند
از این مصیبت و غم و اندوه اتشی
بر ساکنان روچه خلد برین زدند
یا از برای خاگر قگامه مشرکین
شمشیر کین بفرق امام مبین زدند
تنها نه فرق حیدر صفدر شکافتند
کان تیغ را بدست جهان افرین زدند
زان دم که تیغ کین به حسین علی رسید
خورشید و ماه داغ الم بر جببین زدند
شق القمر دوباره بعالم شد اشکار
زان چربتی که بر سر سلگان دید زدند
اه و فغان زینب ز کلپوم شد بلند
عمامه چون حسین و حسن بر زمین زدند

# بەسەرهاتی بیست و پێنجەم دادوەرە بالۆل

## لە بەردەم حاکم دا

دەگێرنەوە کە لە شاری بەغدا بازرگانێك هەبوو ناوبانگی دەرکردبوو لە ئەمانەت داری و بەویژدانی, زۆربەی کەل و پەلەکانی لە شارەکانی تر ئەهێناو سوودێکی کەمی ئەخستە سەری لەبەر ئەوەیش زۆربەی خەڵکی لای ئەو شتیان ئەکڕی و زۆریان خۆش ئەویست,لەگەڵ ئەوەیش بازرگانێکیتر هەبوو کە جولەکە بوو و زۆر بێ ڕەحم و بێ ویژدان بوو شتەکانی زۆر بەگران ئەفرۆشت,ئیشی پارەگۆڕینەوەیش دەکرد, هەرکەسیش پارەی پێویست بوایە, وەکو قەرز بە خەڵکی دەداو سوودێکی زۆری دەخستە سەری ,تا ڕۆژێکیان بازرگانە بە ویژدانەکە پێویستی بە پارە بوو, چوو بۆ لای بازرگانە جولەکەو داوای پارەی لێ کرد.یەهودیەکەیش کە دوژمنییەکی هەبوو, وتی من بە مەرجێك پارە بە تۆ ئەدەم ئەوەیش ئەوەیە کە بەڵگەیەکی باوەر پێکراو و تاپۆیەکی مەزبوتم بۆ بینی لەگەڵ ئەوەیش ئەگەر لەکاتی خۆیدا پارەکەم بۆ نەگێریتەوە دەبێ پارچەیەك گوشت لە هەر شوێنێکی جەستەت بمەوێ لێ ی بکەمەوە,بازرگانەکەیش چونکە ئابڕوی لە مەترسیدا بوو, مەرجەکەی قبوڵ کرد.

بازەرگانەکەییش مستەمسەکانی بۆ هێناو وتی لەکاتی خۆیدا پارەکەم نەگێڕاوە ئەوە ئەوکات تۆ مەرجەکەت جێ بە جێ بکە,(وە چونکە هەر ئیشەکانی خوا بێ حیکمەت نیە) بازرگانەکە نەیتوانی لە

کاتی خۆیدا پارەکە بگێڕێتنەوە ,یەهودیەکەیش ئەمەی دەویست , چوو بۆ لای حاکم و شکاتی لێ کردو ئەو شتەی کە لەسەری ڕێکەوتبوون بۆی باس کرد,حاکمیش کە بەسەرهاتەکەی بیست وتی: بازرگانەکە دەبێ حوکمەکەی بە سەردا بسەپێنێت,ئەو جولەکەیش چونکە دوژمنی بوو, پارچە گۆشتێکی لە جەستەی وت کە ئەگەر پارچەگۆشتەکەی لێ بکردایەتەوە بازرگانەکە دەمرد,لەبەر ئەوە حاکم چەند ڕۆژێک حوکمەکەی دواخست بەڵکو جولەکەکە پەشیمان ببێتەوە.بەڵام جولەکەکە کۆڵی نەئەداو لەسەر قسەکەی خۆی سووربوو,هەواڵەکە لە شاردا بڵاو بووبویەوە و خەڵکی دڵیان بۆ بازرگانەکە دەسوتاو هیچیشیان بۆ نەئەکرا,بالۆل هەواڵی بیست و هات بۆ لای حاکم و وتی: من دەتوانم ببم بە پارێزەری ئەم بازرگانە.حاکمیش وتی بەڵێ دەتوانی,کە باسەکەی بیست و حاکم بڕیاری ئەوەی دا کە حوکمەکە جێ بە جێ بکرێت وچونکە بەڵگەکان ئەوەها بوو کە جولەکەکە دەیوت, لەو کاتەدا بالۆل وتی جەنابی حاکم دەتوانم دیفاعی لێ بکەم.حاکم وتی: بەڵێ دەتوانی,بالۆل چوو لە نێوان هەردووکیان دانیشت و وتی لە سەر قسەی جولەکەکە ئەبێ یەك پارچە گۆشتی لێ بکەیتەوە ,دەی پارچەیەکی لێ بکەرەوە کە خوێنی لێ نەیت دەبێت یەك پارچە نە زیاتر نە کەمتر بێت چونکە ئەو کات خۆت دەبیتە پیاو کوژو هەرچیت هەیە ئەبێ بە هی حکومەت ,حاکم کە ئەم قسانەی بالۆلی بیست وتی ئافرین (احسنت) بەراستی دیفاعێکی

تەواوە,جولەکەکەیش ناچاربوو کۆڵ بدات چونکە نەیئتوانی وابکات.حاکمیش بڕیاری دا بەس پارەکەی بۆ بگیرێتەوە.

## بەهەشت فرۆشتنی بالۆل

ڕۆژێك بالۆل لە نزیك ڕۆبارێك دانیشتبوو چونکە بێ ئیش بوو وەکو منالْ بە قوڕ خەریکی دروست کردنی باغچەیەکی بچوك بوو ,لەم کاتەدا زوبیدە هاوسەری هارون لەوێدا تێئەپەڕی کە نزیکی بالۆل بویەوە وتی:ئەوە چییەکەی ؟بالۆلیش وتی: بەهەشت دروست دەکەم .زوبەیدەیش وتی لەو بەهەشتەئەفرۆشی بەمن؟بالۆلیش وتی بەڵێ ئەیفروشم؟زوبەیدە وتی بەچەن؟ بالۆل وتی بە (١٠٠)دینار.

چونکە هاوسەری هارون دەیویست بەم جۆرە یارمەتیەکی بالۆل بدات,بۆیە یەکسەر بە خزمەتکارەکەی ووت (١٠٠)دیناری بدەرێ بالۆل وتی: با عەقدەکەیشت بۆ بنوسم,زوبەیدە وتی باشە بینوسەو بۆم بێنە,بالۆلیش پارەکەی لە نێوان فەقیرو هەژارەکاندا دابەش کرد.هەر ئەو شەوە زوبەیدە لە خەویدا بینی کە باغێکی زۆر جوان کە لە بەخەربونویشیا نەیبینیبوو هەمووی کۆشکەکە بە ئاڵتون و شتی بریسکەداری جوان ڕازابوویەوە,هەروەها جۆگەیەکی ئاو کە دەوروبەری بە گوڵ و ڕەیحانەو درەختی جوان و کەنیزەیەکی زۆر دانرابوو, گرێبەستەکەیشیان بە ئاوی ئاڵتون نوسرابوو و پێیان دا, ئەمە هەر ئەو

بەهەشتە بوو کە بالۆل باسی دەکرد ,هەر کە لە خەو هەڵسا زۆر خۆشحاڵ بوو خەوەکەی بۆ هارون گێڕایەوە. کە ڕۆژ بوویەوە هارون ناردی بە دوای بالۆل دا,هەر کە بالۆل هات وتی ئەوە (١٠٠)دینارو یەکێك لەو بەهشتانەی کە بە زوبەیدەت فرۆشتووە بەمنیشی بفرۆشە, بالۆلیش قاقا پێکەنیو وتی:زوبەیدە ی هاوسەرت نەیبینی و کڕی بەڵام تۆ کەبیستت جا ئەڵیت ئەیکڕم,بەڵام بە داخەوە بە تۆی نافرۆشم.

## حوکمی قورسی هارون بۆ بالۆل و لێ خوشبوونیشی

باس دەکەن کە هارون جاسوسێکی دانابو کە ئاگای لە بالۆل بێت کە بزانێت چی دەکات و لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکات و لەسەر چ مەزهەبێکە,

دوای ماوەیەك جاسوسەکە هاتەوەو بە هارونی وت ئەوەی بۆم دەرکەوت بالۆل زۆر (امام موسی بن جعفر)ی خۆش دەوێت و لەسەر مەزهەبی ئەوە. هارون ئەمەی کەبیست ناردی بەدوای بالۆلداو پێ ی وت بیستومە تۆ یەکێکی لە موریدو مەنسوبەکانی (امام موسی) و بۆ ئەویش بانگەشە دەکەیت,لەبەر ئەوەیش کەمن ئازارت نەدەم خۆت داوە لە شێتی؟

بالۆل وتی: ئەگەر وابێت چیم لێ دەکەیت؟هارون بەم قسەیە زۆر توڕەبوو بە مەسرووری وت: جلەکانی لەبەر دابکەنن و لەغاو و زینی

کەری بکەنە بەرو لە ناو کۆشك و حەمامی ماڵەوەدا بیسورێنەوە و دواییش بیهێنن و لە بەردەم خۆمدا سەری بپەڕێنن.

مەسروریش جلەکانی لەبەر داکەندو زین و لەغاوەکەی کردەبەری و لە ناو کۆشکەکەو حەمامەکەیش گێڕای و هێنایەوە بۆ لای هارون تا سەری جیا بکاتەوە,لەو کاتەدا (جەعفەر بەرمەکی) مابوو کە بالۆلی ئاوا بینی وتی بالۆل چی کردوە؟

بالۆل وەڵامی یاوەو وتی چونکە قسەی حەقم وتوە, خەلیفە جلەکانی خۆی کردوەتە بەری من و خەڵاتی کردوم.

هارون و جەعفەرو ئەوانەی لەوێ بوون دەستیان کرد بە پێکەنین, هارون بڕیاری دا لێ ی خۆش بێت و ئەمری کرد کە جلەکانی لە بەر دابکەنن و دەسێك لە جلەکانی خۆی بدەنێ ,بەڵام بالۆل قبوڵی نەکردو جلەکانی خۆی لە بەر کردو کۆشکەکەی بە جێ هێشت.

## بالۆل و جل و بەرگ و نان و جۆو سرکە

دەگێڕنەوە کە بالۆل زۆربەی کاتەکان لە گۆڕستاندا دادەنیشت, ڕۆژێك وەکو ڕۆژەکانی تر لە گۆرستاندا دانیشتبوو,هارونیش بە مەبەستی ڕاو لەو شوێنەدا تێپەڕی بالۆلی بینی و وتی ئەوە چییەکەی ؟ بالۆلیش وتی: هاتومەتە شوێنێك کە کەسەکان غەیبەتی کەس ناکەن و لە منیش هیچ چاوەڕێ ناکەن و ئازاریشم نادەن.هارون وتی: ئایا

دەتوانی پێم بڵێیت کە لەو دنیا پرسیارو وەڵام چۆن دەکرێت و من ئاگادار بکەی؟

بالۆل وتی: بە خزمەتکارەکانت بڵێ لەم شوێنەدا ئاگرێکی بەقوەت بکەنەوەو تاوەیەکی گەورە بخەنە سەری تا جوان سوور بێتەوە ,هارون ئەمری کرد کەوابکەن کە بالۆل وتویەتی.کەجوان تاوەکە سوور بوویەوە بالۆل وتی: ئەی هارون من بە پێ خاوەس دەڕۆمە سەر ئەم تاوەیەو خۆمی پێ ئەناسێنم و ئەوەی خواردومەو لەبەرم کردوە دەیڵێم, دوای من تۆیش بڕۆرەسەری و خۆتی پێ بناسێنەو چیت خواردوە و چیت لەبەر کردوە پێ ی بڵێ.هارون وتی باشە:

بالۆل ڕۆیشتە سەری و بەخێرایی وتی بالۆل ئەم جلانە و نان و جۆو سرکە,دابەزی قاچی نەسوتا.هارون هەر کەڕۆیشتە سەری تا ویستی خۆی بناسێنێت قاچی سوتاو خێرا دابەزی, بالۆل وتی : ئەی هارون ئەوەیە وەڵام دانەوەی ئەو دنیا , ئەوانی وەك من ژیاون لە خۆشیەکانی دنیا چێژیان وەرنەگرتوە ئاسودەن و ئەوانەیشی کە وەك تۆن لەم دنیایەدا هەر خەریکی ڕابواردنن ئەوە ئاسودە نین و تۆشی گرفت دەبن.

# بیرۆکەیەکی باڵۆل

دەگێڕنەوە ڕۆژێك باڵۆل لە ڕێگەیەکدا تێئەپەری پیاوێکی غەریبی بینی کە سەری داخستوەو هەردوو دەستی لەگیرفانیایەتی و زۆر بێتاقەتە,باڵۆل چووە پێشەوەو سەلامی لێ کرد. وتی: ئایا بە تۆ ستەمێك کراوە وا بێتاقەتی ؟

پیاوەکە جوابی داویەوەو وتی: من پیاوێکی غەریبم و بۆگەڕان هاتومەتە ئەم شارە چەند ڕۆژێکە لێرەم و بەمەبەستی حەمام کردن چووم بۆ حەمام ,چونکە ئەترسام لە دزو جەردە تۆزێك پارەو ئاڵتونم هەبوو دام بە دوکاندارێك وەك ئەمانەتێك بیپارێزێت,دوای چەند ڕۆژێك هاتمەوە بۆ لای دوکاندارەکەو وتم ئەمانەتەکەم بدەرەوە, بەڵام دوکاندارەکە قسەی ناشرینی بەمن وت و هەروەها وتیشی تۆ شێتی ,ئەمانەتی چی؟

باڵۆل وتی. خەفەت مەخۆ من ئەمانەتەکەت بۆ دەگێڕمەوە.باڵۆل وتی ناوونیشانی دوکانەکەم بدەرێ .باڵۆل دوکاندارەکەی ناسی و وتی بە پیاوەکە بەیانی فلانە ساعەت وەرە بۆ دوکانەکەو لەگەڵ منیش قسە مەکە با نەزانێت یەکتر ئەناسین و داوای ئەمانەتەکەی لێ بکە:پیاوەکە قبوڵی کرد.باڵۆل یەکسەر چوو بۆ لای دوکاندارەکەو وتی من بەتەمام بڕۆم بۆ شاری خوراسان و هەندێك ئاڵتونم زیوم هەیە کە

بەرامبەربە (٣٠)هەزار دینارە, ئەگەر بە سەلامەت هاتمەوە ئەوە ئەمانەتەکەم بدەرەوەو ئەگەریش تا ئەو کاتە نەهاتمەوە ئەوە لە لایەن منەوە وەکیل بەو بیفرۆشەو مزگەوتێکی لێ دروست بکە:

دوکاندارەکە زۆری پێ خۆشبوو, وتی کورە بەسەرچاو کەی ئەمانەتەکە ئەهێنی؟ بالۆل وتی بەیانی فلانە ساعت.بالۆل هاتەوە بۆ ماڵە فەقیرانەکەی تورەکەیەکی لە چەرم دروست کردو پڕی کرد لە ئاسن و وردە شوشە جوان تورەکەکەی بەست بەیانیەکەی لە فلانە ساعەتدا ڕۆیشت بۆ دوکانەکەو دوکاندارەکە کە تورەکەکەی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو وایزانی ئەوە هەمووی ئاڵتونە, لەو کاتەدا پیاوە غەریبەکە هات و داوای ئەمانەتەکەی کرد دوکاندارەکە لەبەر ڕێزی خۆی و بۆ ئەوەی بالۆل شکی بۆ نەبات وتی بە شاگردەکەی برۆ ئەمانەتەکەی ئەم پیاوە بێنە لە مەخزەنە. شاگردەکە زوو ئەمانەتەکەی هێنا, پیاوەکەیش لێدا ڕۆیشت و دوعای خێری بۆ بالۆل کرد.

# هارون و پیاوێکی فێڵ باز

دەگێرنەوە کە پیاوێکی فێڵ باز هات بۆ لای هارون (خەلیفەی عباسی ) خۆی بە بازرگان ناساند.

هارون الرشید لەو شت و مەکانەی وەك ئاڵتون و شتی دەس کە بازرگانەکە لە ولاتەکان هێنابووی پرسیاری دەکرد ؟ئەو پیاوە واباسی شتەکانی دەکرد,بەتایبەتی ئاڵتون و زیوەکانی وڵاتی( هیند) هارون بیَ ئەوەی ببینیَ حەزی لیَ دەکرد.هەروەها وتی بە خەلیفە, لە هیند مەڵهەمێکی بەهێز دروست دەکەن کە ئەگەر کەسێکی تەمەن (٦٠) سالان لیَ ی بخوات وەکو کەسیکی تەمەن (٢٠)ساڵان گەنج و جوان دەبێتەوە.

خەلیفە بە بیَ قەراری تامەزرۆی ئەو مەڵهەمەو هەندێك لە ئاڵتون و زیوەکان بوو کە پیاوە فێڵ بازەکە باسی کرد.

بۆیە هارون وتی: بۆ ئەو شتانە چەنت پێویستە تا بۆم بێنی؛ پیاوەکە وتی: بۆ هەمووی (٥٠٠٠٠) هەزار دینار.

هارون پارەکەی حەواڵەی گەنجینەی حکومەت کرد تا بیداتیَ ,پیاوەکە پارەکەی وەرگرت و چووەوە بۆ ولاتی خۆی,

خەلیفە تا ماوەیەك چاوەڕیی ئەو پیاوەی کرد بەڵام هیچ خەبەرێك نەبوو, هەرکات بیری ئەکەوتەوە زۆر بێتاقەت ئەبوو,

ڕۆژێك کە (جەعفەر بەر مەکی) و بالۆل وچەند کەسێکی تریش لەویَ بوون باسی ئەو پیاوە فێڵ بازە هاتە پێش,خەلیفە وتی: ئەگەر ئەو

پیاوەم دەس کەوێت  چەند ئەوەنەی پارەکەی لێ ئەسێنمەوە کە لە منی وەرگرت,ئەمریش ئەکەم سەری جیابکەنەوەو بیکەن بە دەروازەی شاردا با ببێت بە پەند بۆ خەڵکان. بالۆل قا قا پێکەنی و وتی: ئەی هارون حکایەتی تۆ وەکوحکایەتەکەی کەڵەشێروپیرەژن و ڕێویەکەیە.

هارون وتی: ئەم باسەی کەڵەشێرو و ڕێوی و پیرەژنە چۆنە بۆمان باس بکە.

بالۆل وتی: باس دەکەن کە تولە سەگێك کەڵەشێرێکی پیرەژنێکی بە دەمەوە بوو و ڕای ئەکرد , پیرەژنەکەیش بە دوایدا ڕای ئەکردو هاواری ئەکرد فریام کەون تولەکە کەڵەشێرە ٢کیلۆیەکەی منی ڕفاند.تولەکە بەدەم ڕاکردنەکەوە بیری ئەکردەوە بۆ ئەم پیرژنە درۆ ئەکا کوا کەڵەشێرەکە ٢کیلۆیە,لەو کاتەدا ڕێویەك گەیشتە تولەکەو وتی بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ تولەکە ڕوداوەکەی بۆ باس کرد.

ڕێویەکە وتی تۆ کەڵەشێرەکە دابنێ با من بیکێشم بزانم چەند کیلۆیە؟ هەر کە تولە سەگەکە کەڵەشێرەکەی دانا ڕێویەکە کەڵەشێرەکەی ڕفاندو بەدەم ڕێگەوە دەیوت بە پیرەژنەکە بڵێ بیخاتە سەر حیسابی من ئەم کەڵەشێرە. هارون کە ئەم چیرۆکەی بیست پێکەنی و ئافەرینی بالۆلی کرد.

# هارون و ماسی گیر

دەگێڕنەوە کە خەلیفە هارون الرشید یەکێك لە بۆنە ڕەسمیەکان لەگەڵ زوبەیدەی هاوسەری دانیشتبوون خەریکی یاری شەترەنج بوون, بالۆل هات و ئەویش دانیشت و سەیری ئەوانی کرد,لەو کاتەدا ماسی گیرێك هات و زەوییەکەی بە مەبەستی ڕێزگرتن ماچ کرد. ماسیەکەی زۆر گەورەو جوانی بۆ خەلیفە هێنا,هارون ئەو ڕۆژە زۆر دڵی خۆش بوو ئەمری کرد (٤٠٠٠)هەزار دیناری بۆ بێنن, زوبەیدە بەم ئیشەی هارون نارەزایی دەربڕی و وتی: ئەم پارەیە زۆرە بۆ ئەو ماسی گیرە , چونکە تۆ هەموو ڕۆژێك پارە دەدەی بەو کەسانەی کە خزمەتی وڵات ئەکەن,ئەگەر کەمتر لەو پارەیە بدەی بەوان ئەوە دەڵێن ئێمە لەو ماسی گیرە کەمترین, ئەگەریش زۆرتریان بدەیتێ ئەوە خەزێنەکە لە ماوەیەکی کەم دا پارەی تیا نامێنێ,.

هارون قسەکەی زوبەیدەی بە دڵ بوو وتی ئێستا ئەڵێیت چیبکەم؟ زوبەیدە وتی ماسی گیرەکە بانگ بکەو بڵێ ماسیەکە نێرە یان مێ ئەگەر وتی مێ بڵێ نامانەوێ و ئەگەریش وتی نێرە هەر بڵێ نامانەوێ ئەوکاتە مەجبور ئەبێت پارەکە بێنێتەوە ماسیەکە بەرێتەوە.

بالۆل وتی: واز لەو ماسیگیرە بهێنە بە قسەی ژن مەخەڵەتێ؟

هارون وتی قەیناکاو ماسی گیرەکەی بانگ کردو وتی ماسیەکە نێرە یان مێ؟

ماسی گیرەکە دوبارە زەویەکەی ماچ کردو وتی ئەم ماسیە نە نێرە نە مێ , نێرەمووکە.

هارون ئەم قسەیەی ماسی گیرەی بە دڵ بوو ئەمری کرد (٤٠٠) هەزاری تری بدەنێ.ماسی گیرەکە پارەکەی وەرگرت و خستیە ناو تورەکەیەك لە قادرمەکان کە ویستی دابەزێ یەك دیناری لێ کەوتە خوارەوە , ماسی گیرەکە خۆی دانەواندو پارەکەی وەرگرتەوە,زوبەیدە بە هارونی وت ئەم پیاوە زۆر بێ وەفایە ئەو هەموو پارەیەشی وەرگرتوە کەچی لە یەك دیناری خۆش نابێت,هارونیش بێتاقەت بوو دووبارە ماسی گیرەکەی بانگ کردەوە, بالۆلیش دیسان وتی وازی لێ بێنە بە گوێ ی ژن مەکە؟هارون وتی نا ئەم پیاوە زۆر بێ وەفایە, بۆ حازر نیت یەك دیناریش ببێتە نەسیبی غوڵامەکانم و وەرت گرتەوە؟ ماسی گیرەکە دیسان زەویەکەی ماچ کردو وتی من بێ وەفا نیم بەڵکو (خۆێ ی ماڵێك ناکەم و خوێدان بشکێنم),کە دینارەکەم لێ کەوتە خوارەوە بینیم دیوێکی پارەکە ئایەتی قورئانەو دیوەکەی تریش ناوی خەلیفەیە بۆیە بە جوانم نەئەزانی کە پارەکە بکەوێتە ژێر قاچ دووریشە لە ئەدەب.هارون دیسان قسەکەی ماسی گیرەکەی بە دڵ بوو ئەمری کرد (٤٠٠) هەزاری تری بدەنێ,دوایی هارون بە بالۆی وت من لە تۆ شێت ترم چونکە

تۆ سێ جار بەریەستی منت داوە بەڵام بە گوێم نەکردی‌و بە گوێ ی ژنەکەم کرد ئاوا زەرەرم کرد.

## پرسیارکردنی هارون لە بارەی امین و مامون

دەگێرنەوە کە ڕۆژێك بالۆل چوو بۆ کۆشکەکەی هارون لەنیوەی ڕێگەدا گەیشت بە هارون, هارون پرسی بالۆل بۆ کوێ ئەچی؟

بالۆل وتی بۆ لای تۆ ئەهاتم. هارون وتی منیش ئەڕۆم بۆ مەکتەب خانە تا لە نزیکەوە وەزعی منالەکانم امین و مامون بزانم چۆنن؟ ئەگەر تۆ حەزەکەی وەرە لەگەڵم.

بالۆلیش وتی باشە بەیەکەوە ڕۆیشتن و گەیشتنە مەکتەب لەو کاتەدا امین و مامون بۆ چەند دەقیقەیەك مۆڵەتیان لە مامۆستاکەیان وەرگرتبوو.چووبوونە دەرەوە.

هارون وتی : مامۆستا وەزعی منالەکانم چۆنە ؟مامۆستایش وتی امین کە کوڕی زوبەیدەیەکە کە سەروەری هەموو ژنە عەرەبەکانە بەڵام زۆر بێ عەقلّ و تەمەڵە, بەڵام بە عەکسەوە مامون زۆر زیرەك و عاقڵە.هارون وتی وانیە‌و قبوڵی نەکرد.

مامۆستایش پارچە کاغەزێکی خستە ژێر ئەو فەرشەی کە مامون دائەنیشێت. خشتێکیشی خستە ژێر ئەو فەرشەی کە امین دائەنیشێت. دوای چەند دەقیقەیەك هەردووکیان هاتنەوە‌و باوکیان بینی

زەوییەکەیان ماچ کردوو چون دانیشتن,مامون هەر کەدانیشت سەیری سقفەکەو ئەم لاو ئەولای ئەکرد.مامۆستا وتی ئەوە چییە بۆ لە دالغەیای ؟ مامون وتی: لەو کاتەوە هاتومەتەوە و دانیشتوم واهەست ئەکەم زەوی بە قەد پارچە کاغەزێك نزم بووەتەو یان سەقفەکە بەرز بووتەوە, دڵنیام کە شوێنی دانیشتنەکەم بە قەد پارچە کاغەزێك بەرزبووەتەوە.

مامۆستا ڕۆی کردە امین و وتی: تۆیش هەستێکی وات هەیە؟ امین وتی ناوەڵا هیچ هەست ناکەم,مامۆستایش زەردەخەنەیەکی کردو ڕووی کردە هەردووکیان و وتی بۆچەند کاتێك بڕۆنە دەرەوە,مامۆستا ڕووی کردە هارون و وتی سپاس بۆ خوا بۆت سەلمێنرا,خەلیفە وتی باشە هۆکەی چییە؟

بالۆل وتی ئەگەر مامۆستا ئیزنم بدات وەڵامت دەدەمەوە؟ هارون وتی چی ئەزانی بیڵێ,

بالۆل وتی:زیرەکی و وریایی منالّ دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت,یەکەم : ئەگەر پیاو و ژن بە دڵ وخۆشەویستی بە یەکەوە جووتبن , منالەکانیان زیرەك و وریا ئەبن ,دووەمیش ئەوەیە ئەگەر ژن و پیاو جۆری خوێنیان یەك بێت و خزمیش بن ,ئەوە زۆر زیرەك نابن, بەڵام ئەگەر هەردووکیان جۆری خوێنەکەیان جیاواز بێت و خزم نەبن ئەوە منالێکی زیرەك و وریاو بە هێز دەرئەچن,نمونەیشی لە دارو درەخت و ئاژەڵەکاندا دیارە,ئەگەر دارێکی میوە لەگەڵ دارێکی میوەی تردا پەیوەنی بکەین میوەی ئەو زۆر خۆشو بەناوبانگ دەر ئەچێت,

ئەگەریش کەرو ئەسپ بەیەکەوە جووتبن ئەوە هێسرێکی زیرەك و جوان و بەهێزی لێ دەرئەچێت.

بۆیە امین تۆزێك گێژە,لەبەرئەوەیە کە تۆ و خاتو زوبەیدەی هاوسەرت جۆری خوێنەکەتان وەك یەکەو هەروەها خزمیشن,مامونیش بۆیە زیرەکە چونکە دایکی خزمی تۆ نیەو جۆری خوێنەکانتان یەك نیە,

هارون جوابەکەی بالۆلی بە دڵ بوو وتی لە شێتێك لەوە زیاتر چاوەڕێی چیبکەم,بەڵام مامۆستا لە دڵی خۆیدا قسەکانی بالۆلی بە تەواو دەزانی.

# گفتوگۆی بالۆل و زانایەك

ڕۆژێـك زانایـەك لـە مەكتەبەكـەیـدا خـەریكی دەرس وتنـەوە بـوو, بالۆلیش لە سوچێكدا دانیشتبوو گوێ گرتبوو بۆ دەرسەكە,زاناكـە لـە بەینی دەرسەكەدا وتی : امام جعفر صادق سێ شت ئەڵێت كە بۆ من قورسە تێگەیشتنی.

یەكەم :ئەوەیە كە ئەڵێت شـەیتان لـە نـاو ئاگری جەهنەمدا عـەزاب دەرێت, لەكاتێكدا شەیتان خۆی لە ئاگرە' چۆن ئەبێت دوو شتی وەك یەك ئازاری یەك بدەن. دووەم: ئەوەیە كە ئـەڵێت نـاتوانی خوا ببینی ,لەكاتێكدا كەسێك كە هەست بە بوونی ئەكـەیت چۆن نـاتوانی بەچاو ببینی؟

سێ یەم: دەڵێت سەبەبی فاعیل هەر فیعلەكەی خۆیەتی,لە كاتێكدا ئەو شتانەی كە بینیومانە شتێكی تر دەڵێت و ئەویش ئەوەیە كە ئـەو شتەی بەنـدەی خـوا دەیكـات لـە لایـەن خواوەیـەو هـیچ پـەیوەنـدی بەكەسەوە نیە.

كـە زاناكـە قـسەكانی تـەواو كـرد بـالۆل كلۆخـاكێكی بـۆ زاناكـە وەشاند.بـەئیرادەی خـوا پارچـە كلۆكـە دای بـە ناوچاوی زاناكـەداو ئازاری پێ گەیشت,بالۆل یەكسەرە ڕای كرد,قوتابیـەكانی ئـەو زانایـە ڕایان كرد بە شوێن بالۆلدا و گرتیان,بردیان بۆ لای خـەلیفـە هـارون بـە مەبەستی شكات كردن,ڕووداوەكەیان بۆ باس كرد,

بالۆل وتی: با زاناکه بێت ئەوکاتە بۆتان باس ئەکەم بۆ وام کردوە, کاتیێ زاناکە هات, بالۆل وتی: لە منەوە چ ستەمێك بە تۆ گەیشتوە؟ زاناکە وتی: پارچەکلۆیەکت دا بە ناوچاومـاو ئازارم پیێ گەیشت,بالۆل وتی ئازارم پیێ پیشان بدە,زاناکە وتی ئازار کوا پیشان دەدرێت؟ بالۆل وەلامی دایەوەو وتی: تۆخۆت نەتوت شتێك ئەگەر هەبێت دەبیێ ببینرێت هەروەها ڕەخنەت لە ئیمام جعفری صادق دەگرت و دەدوت کە چۆن ئەبێت خوای گەورە هەبێت و نەتوانی ببیبنی,کەواتە ڕاستت نەکرد,

دووەم من تۆم بە پارچە کلۆیەك بریندار کرد کە لە خاکە,کەواتە ئەو ووتەیەشت کە ئەتوت چۆن دوو شتی وەك یەك یەکتر ئازار ئەدەن.

سیێ یەمیشیان ئەوەیە کە ئەوشتانەی کە خەلکی ئەیکەن لە لایەن خواوەیە, کەواتە ناتوانی تاوانبارم بکەی ؟ زاناکە کاتیێ ئەمەی بیست وازی هێناو و کوڕەکەی بە جیێ هێشت.

# پرسیار و وەڵامی هارون و بالۆل

دەگێڕنەوە کە هارون الرشید بۆ سەفەری حەج بەڕێ کەوت , بالۆل چووە بەردەم ڕێگەکەی ڕاوەستاو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد , هارون هارون, خەلیفە پرسیاری کرد ئەو دەنگە کێیە؟ وتیان بالۆلە شێتە, هارون بالۆلی بانگ کردو پرسیاری لێ کرد وتی من کێم؟ بالۆل وتی: تۆ ئەو کەسەیت کە ئەگەر کەسێك لە ڕۆژئاوادا ستەمێکی لێ بکرێت تۆ تاوانباری, هارون زۆر بێتاقەت بوو و دەستی کرد بە گریان.وتی ئێستا داوای چی ئەکەی با بۆت جێ بی جێ بکەم؟ بالۆل وتی ئەگەر ئەتوانی ئەو گوناهانەی کە کردوومە لێم خۆش بیت و بم خەیتە بەهەشت,هارون وتی کوا من ئەتوانم ئەو شتە بکەم؟ بەڵام ئەتوانم قەرزەکانت بۆ بدەمەوە, بالۆل وتی قەرز بە قەرز نادرێتەوە, تۆ خۆت قەرزاری خەڵکی ئەو شتانەی کە لە خەڵکت وەر گرتوە بیان دەرۆ , ماڵی خەڵك مەدە بە من, هارون وتی بڕیار ئەدەم مووچەیەکت بۆ ببڕنەوە تا ماوی پێویستت بە هیچ نەبێت.بالۆل وتی ئێمە هەموومان بەندەی خواین , چۆن دەبێت خوا ڕزقی تۆ بدات و ڕزقی من نەدات؟

## (خەڵاتی هارون بە باڵۆل)

ڕۆژێکیان هارون فەرمانی کرد تا خەڵاتێك بدەن بە باڵۆل , کاتێك کە خەڵاتەکەیان دا بە باڵۆل, وەری نەگرت و وتی ئەم ماڵە بدەن بەو کەسەی کە لێتان وەرگرتووە , ڕۆژێك ئەبێت کە ئاوێنەیەك بێت و داوا لە خەلیفە بکات , خەلیفەیش لەو ڕۆژەدا دەستی بەتاڵ بێت و داوای پەشیمان بوونەوە بکات . بەم قسانە هارون هەموو گیانی ترسێکی لێ نیشت و دەستی کرد بە گریان و وتی باڵۆل ڕاستەکەی.

## (سوودی دوعای باڵۆل)

دەگێرنەوە کە عەرەبێك وشترەکەی تۆشی نەخۆشیك بووبوو بەناوی (جرب) . خەڵکی پێیان وتبوو بڕوات ( ڕۆن گەرچك ) ی بۆ بێنێت و لێ ی بدات.عەرەبەکە سواری وشترەکەی بوو بڕوات بۆ شارو ڕۆنەکە بکرێت,نزیکی شارە کە بوویەوە باڵۆلی بینی , لە گەڵ باڵۆلدا کۆنە هاوڕیەتیکی هەبوو پێ ی وت باڵۆل وشترەکەم توشی نەخۆشی (جرب) بووە ووتویانە کە ڕۆن گەرچکی لێ بدەم چاك ئەبێتەوە. بەڵام من باوەرم هەیە ئەگەر تۆ دوعای خێری بۆ بکەی چاك ئەبێتەوە . باڵۆل وتی ئەگەر ڕۆن گەرچکە بکرێت و تێکەڵی دوعا خێرەکەی منی بکەی لەوانەیە وشترەکەت باش بێتەوە, ئەگینا دوعاکەی من بەتەنیا سوودی نیە.

# (ئامۆژگاری کردنی بالۆل بۆ عبدالله مبارک)

دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك عبدالله کوڕی مبارك بە مەبەستی بینینی بالۆلی دانا چوو بۆ بیابان, بالۆل جل و بەرگێکی وای لەبەر نەبوو الله ی دەوت, عبدالله چووە پێشەوە سەلامی لێ کرد. بالۆل جوابی یاوە , عبدالله وتی ئەی شێخ تکات لێ دەکەم ئامۆژگاریەکم بکەی کە چۆن لەم دنیایە بژیم و گوناه نەکەم, من کەسێکی گوناهکارم و ناتوانم پێش نەفسی خۆم بگرم ,ڕێگەیەکم پیشان بدە تا مبارك رزگاری بێت.

بالۆل فەرمووی: ئەی عبدالله من خۆم گێرۆدەم چاوەڕێ ی چی لەمن ئەکەیت؟ من ئەگەر عەقلم هەبوایە پێیان نەئەوتم شێت؟قسەی شێت چ سوودێکی هەیە, برۆ بۆ لای کەسێکی ژیرو عاقل,عبدالله وتی: یا شێخ شێت بە ئیشی خۆی وریایە کەواتە قسەی راست لە شێتەوە ببیستی تەواوە. بالۆل بێدەنگ بوو, عبدالله دووبارەی کردووەو وتی: یا شێخ نا ئومێدم مەکە بە هیوای تۆ هاتووم.

اگر بینی که نابینا و چاهست

اگر خاموش بنشینی گنا هست

بەو نیەتەوە کە بڕوام بە تۆبووە ڕێگەیەکی دوورم بڕیوەو تا تۆ ڕێگەیەکم پیشان بدەیت بۆ بێدەنگ بوویت؟

بالۆل سەری بەرز کردەوەو وتی: ئەی عبدالله پێش هەموو شتێك من چوار مەرجم هەیەو ئەبێت بەڵێنم بدەیتێ لەم مەرجە شێتانەی من پاشگەز نەبیتەوە, ئەو کاتە ئامۆژگاریەکت دەکەم تا رزگار

بيت و باست نەكەن,عبدالله وتی ئەو چوار مەرجە چيين فەرموو رازيم .

بالۆل وتی مەرجی يەكەم ئەوەيە كاتێك گوناهێك دەكەيت و بێ ئەمری خوا ئەكەيت دوای ئەوە ڕزقی خوا مەخۆ, عبدالله وتی ئەی ڕزقی كێ بخۆم ؟ بالۆل وتی: تۆ كەسێكی ژيری و بەندەی خوايشی كەواتە چۆن بێ ئەمری خوا ئەكەيت و ڕزقی ئەويش ئەخۆيت.

عبدالله وتی قسەكەت تەواوە,مەرجی دووەم چييە؟ بالۆل فەرمووی هەركات ويستت گوناە وتاوان بكەی دوای ئەوە بەسەر خاك و زەوی خوادا دامەنيشە, عبدالله وتی : ئەم مەرجە لە يەكەم قورسترە,چۆن ئەبێت هەمووی مولكی خوايە.بالۆل وتی: دەی عەيب نيە ڕزقی بخۆيت و لە مولكی ئەودا بژيت و بێ ئەمری خوا بكەيت؟ هەروا كە خوا خۆی فەرموويەتی ( ان الينا ايابهم **ثم ان** علينا حسابهم ).

عبدالله وتی:مەرجی سێ يەم چييە؟ بالۆل فەرمووی : ئەگەر ويستت گوناە وبێ ئەمری خوا بكەيت , بڕۆ لە شوێنێك بيكە كە خوا نەت بينێت ئاگای لە تۆ نەبێت ,عبدالله وتی ئەم مەرجە لە هەردووكيان قورسترە چۆن ئەبێت ؟ خوا لە هەموو شتێك ئاگادارەو لە هەموو شوێنێكيش هەيە,بالۆل وتی ئەوەندە عاقڵی و دەزانی خوا لە هەموو شوێنێك هەيە,كەواتە چۆن ڕزقی خوا ئەخۆيت و لە مولكی ئەو ئەژيت و لە حزوری خوايشا بێ ئەمری خوا بكەيت.كە خۆت بە بەندەی

ئەویش ئەزانی، هەروەها خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمێت، ( ولا تحسبن الله غافلا عما يعمل **الظالمون** ) **یانی** گومانت نەبێ کە خوای گەورە ئاگای لە هەموو ستەمێکە کە ستەمکارەکان دەیکەن.

عبدالله وتی راستەکەی مەرجی چوارەم چییە؟ بالۆل فەرمووی: مەرجی چوارەم ئەوەیە کە لەو کاتەدا کە ئیزرائیل هات و فەرمانی خوا جێ بە جێ بکات ،تۆ بلێ جارێ پەلەمەکە تا لەگەڵ خزم و کەسم دا ماڵ ئاوایی بکەم و داوای گەردن ئازاییان لێ بکەم و ئەوکاتە گیانم بکێشێت. عبدالله وتی : ئەم مەرجە لە هەمووی قورسترە، چۆن **قافض** مەجالم دەداتێ هەناسە هەڵکێشم و ئەو شتانە بکەم،بالۆل فەرمووی :ئەی پیاوی عاقڵ تۆ ئەزانی کە لە مرگدا هیچ مەجالێك نییە، **قافض** هیچ دەرفەتێکت ناداتێ هەر گوناهێکت هەبێ ئەجل کە هات گەڕانەوەی نییە، هەروەها خوا فەرموویەتی ( **فاذا جاء اجلهم لا يستاخرون ساعة ولا يستقدمون** ) ئەی عبدالله هەستەوو بەخەبەر بەرەوە قسەی راست لە شێتەوە ببیستە، واز لە لوت بەرزی بێنەو هوشیاربەرەوە بۆ دواڕۆژت شت کۆکەرەوە چونکە ڕێگەیەکی دورو درێژت لە بەردەمدایە، لەم تەمەنە کورتە سوود وەرگرە، ئیشی ئەمرۆ مەخەرە سبەینێ چونکە لەوانەیە نەگەیتە سبەینێ ،تاکاتت هەیە کردەوەی چاك کۆ بکەرەو بۆ دوا رۆژت، عبدالله ئەمانەی کە بیست سەری داخست و کەوتە بیرکردنەوە، بالۆل فەرمووی : عبدالله تۆ لە منی شێتەوە ئامۆژگاریت ویست کە بۆ بەیانیت بەکاری بێنی بۆ سەرت داخست. لەرۆژی کۆتاییدا چۆن وەلامی فریشتەکان دەدەیتەوە؟

ئێستا تۆ بۆ حیساب پاکی بەڵام ئایا لە دوارۆژدا ناترسی، عبدالله سەری بەرز کردەوەو وتی: یا شێخ ئامۆژگارییەکانت بە دڵ و بەگیان بیستم ئەو چوار مەرجەیشم قبوڵە ، من بکە بە موریدی خۆت . بالۆل فەرمووی: ئەی عبدالله بەندەی خوا هەرچی بکات ئەبێت بە ئەمری خوا بیکات،هەرچی بڵێت و ببیستێت ئەبێ ئەمری خوا بێت،کەواتە بەندەی خوایە.بالۆلی دانا ئەو کەسە بو کە خەڵکی بە شێتیان دەزانی و ئامۆزای هارون الرشید بوو لە خزمەتی (امام جعفر صادق ع ) دەرسی خوێندبوو.یەکێك بوو لە زانایانی کاتی خۆی ، چونکە وایانزانیبوو ئەم رۆیشتوە و بە (امام موسا) ی وتوە بروات چونکە بە تەمان بیکوژن، لە بەر ئەوە وتیان ئەبێت بالۆل سزا بدرێت چونکە هەواڵی داوە بە (امام موسا) لەبەر ئەوە لەسەر قسەی امام خۆی بە شێت لەقەڵەم داوە.تا لەدەستی هارون رزگاری بێت. بۆیە بالۆل جار جار دەرویشتە دەرەوەو لە بیابانەکاندا بە بێ جل دەسورایەوە وەك شێتەکان.

# گفتوگۆکردنی بالۆل و شیخ جنید

دەگێڕنەوە کە شێخ جنیدی بەغدادی بە نیازی سەفەر بوو بۆیە چووە دەرەوەی شارو موریدەکانیش بە دوایا , شێخ هەواڵی بالۆلی پرسی.موریدەکان وتیان: ئەو پیاوە شێتە ئیشی چیت پێیە قوربان؟ شێخ وتی بۆم پەیدا بکەن ئیشم پێیەتی, موریدەکان زۆر گەڕان تا لە بیاباندا دۆزیانەوە,شێخیان برد بۆ لای بالۆل.کاتێ کە شێخ چوو بۆ لای بینی خشتێکی لە ژێر سەرییدایە و واق وڕماوە, شێخ سەلامی لێ کرد . بالۆل وەڵامی سەلامەکەی داوە , وتی تۆ کێیت؟ شێخ وتی من جنیدی بەغدادی . بالۆل وتی تۆیت ئەی ابولقاسم ؟ وەڵامی داوە بەڵێ منم . بالۆل وتی هەر ئەو کەسەیت کە ڕێگە بە خەڵك پیشان دەدەیت . شێخ وتی بەڵێ: بالۆل وتی: دەزانی چۆن خواردن دەخۆیت؟شێخ وتی : (بسم الله ) دەکەم و لەبەردەم خۆم دەخۆم و تیکەی بچوك دەکەم و دەیخەمە لای راستی دەممەوەو یەواش یەواش ئەیخۆم سەیری کەس ناکەم و لەکاتی نان خواردندا خوایشم لە بیرە. هەر تیکەیەك ئەخۆم ((الحمدالله )) دەکەم و دواییش دەستم دەشۆم.بالۆل هەڵساو باوەشی کرد بە شێخداو وتی تۆ دەتەوێت رێگە بە خەڵك پیشان بدەی کەچی هێشتای نازانی خواردنیش بخۆیت؟ بالۆل چوو بەڕێگەی خۆیدا , موریدەکان وتیان یا شێخ ئێمە نەمانوت ئەوە شێتە. شێخ وتی : شێتێکە بە ئیشی خۆی وریایە.. قسەی راست لای ئەوە, چوو بەدوایا وتی من ئیشم بەوە, بالۆل گەیشتە کەلاوەیەك و دانیشت . جنید

گەیشت بە ئەو , بالۆل وتی تۆ کێیت؟شێخ وتی: شێخ بەغدادیم کە نازانم خواردن بخۆم, بالۆل وتی: تۆ کە خواردن نازانی بخۆیت, ئەی ئەزانی قسە بکەی؟ شێخ وتی بەڵێ: بالۆل وتی چۆن قسە ئەکەیت؟ وتی: قسە زۆر ناکەم و لە کاتی ناوەختا قسە ناکەم قسەکانم لە ئاستی ئەو کەسەیە کە قسەی لەگەڵ ئەکەم,خەڵکی بە خواو رەسولەکەی دەناسێنم, ئەوەنە قسەناکەم کە خەڵك بێتاقەت ببن,موراعاتی خەڵك ئەکەم کە قسە بکەن . بالۆل وتی: حگە لە خواردن قسەکردنیش نازانی, هەڵساو بە جێ ی هێشت, موریدەکان وتیان قوربان نەمانوت شێتە, لە شێت چاوەڕێی چی دەکەی؟ جنید وتی من ئیشم پێ یەتی ئێوەنازانن,دووبارە دوای کەوت تا پێ ی گەیشت, بالۆل وتی تۆ چییت لە من دەوێت؟ کەسێك نەزانێت خواردن بخوات و قسە بکات, ئایا دەزانێت بخەوێت؟ شێخ وتی بەڵێ ئەزانم.بالۆل وتی چۆن ئەخەوی؟ شێخ وتی: دوای نوێژی عیشاو وردەکان ئەخوێنم ئنجا ئەچمە جێگاو ئەخەوم, بالۆل وتی: بۆم دەرکەوت کە شێوازی خەوتنیش نازانی,ویستی هەڵسێت و بروات , شێخ کەواکەی گرت و نو زاتی خوا فێرم بکە: بالۆل وتی : تۆ دانایت دەکردو ئەت وت هەموو شتێك دەزانم کەچی ئێستا خۆت بە نەزان دا ئەنێت, تۆ فێر دەکەم: ئەوانەی تۆ ئەیلێیت فەرعەکانن و ئەصڵەکانت نەوت.ئەصڵی نان خواردن ئەوەیە کە بزانی ئەو تیکەیە کە دەتەوێت بیخۆی حەڵاڵە یان حەرام؟ شێخ وتی ((جزاك الله خيرا)) . لە قسەکردنیشا دەبێت دڵت پاك بێت و لەبەر ڕەزای خوا قسە بکەیت و هیچ رق و کینێکت نەبێت

ئەگەر وانەبێت بێدەنگی زۆر باشترە. لە خەوتنیشا ئەوەی وتت فەرعە , ئەصلْ ئەوەیە پێش خەوتن دلْت لە قین و حەسەد بەرامبەر موسلْمانان پاك بێت و مالْی دنیا لە دلْتا نەبێت, بەدەم خەوەوە زیکری خوا بکەیت , تا ئەخەوی, جنید دەستی بالۆلی ماچ کردو دوعای خێری بۆ کرد .موریدەکان کە حالْی شێخیان ئاوا بینی بەرامبەر ئەو کەسەی بە شێتیان دەزانی , قسەکانی خۆیان لەبیر کرد. سوود لەم گفتۆگۆیە ئەویە کە کەسێك لە فێر بوون توشی عەیبە نابێت هەروا کە جنید لە بالۆلەوە فێری خواردن و قسەکردن و خەوتن بوو.

## ڕۆیشتن بۆ حەمام لە گەڵ هارون

ڕۆژێك هارون الرشید لە گەڵ بالۆلدا چوو بۆ حەمام . خەلیفە بە گاڵتەوە وتی بالۆل ئەگەر من خزمەتکارت بومایە چەن ئەژیام؟ بالۆل وتی : (٥٠) دینار . خەلیفە بە توڕەییەوە وتی : شێتە هەر ئەو زینە کەبەستومە بە خۆمەوە بایی (٥٠) دینارە, بالۆل وتی منیش هەر نرخی ئەو زینەم وت ئەگینا خەلیفە هیچ نرخێکی نیە.

## بالۆل و حاکم

دەگێرنەوە کەسێك چەن منالێکی هەبوو و بە نیازی سەفەری حەج بوو بۆیە هەزار دیناری ئاڵتونی هێنا بۆ لای حاکم و وتی بە شاهیدی جەنابی حاکم و دارو دەستەکەی ئەم بڕە پارەیە تەسلیمی حاکمی دەکەم ئەگەر لەم سەفەرە نەگەڕامەوە ئێوە بەشاهیدبن حاکم چەنێك لەو پارەیەی بۆخۆی ویست بیدات بەمناڵەکانم , ئەگەریش بە سەلامەت گەڕامەوە ئەوە ئەمانەتەکە بدەنەوە بە خۆم.

کاتێ کە کەوتە ڕێ بە ئیرادەی خوا ئەجەلی هات, هەر کە منالەکان گەیشتنە تەمنی بالغی چوون بۆ لای حاکم وداوای ئەمانەتەکەیان لێ کرد. حاکم وتی : بە شاهیدی شاهیدەکان و لە سەر وەسیەتی باوکتان

هەرچەن حەزم کرد دەتاندەمێ , بۆیە حاکمەکە وتی من تەنها (١٠٠) دینارتان دەدە مێ. منداڵەکان هاواریان لێ بەرز بویەوەو وتیان ئەمە ناحەقیە. حاکم وتی بەوانەی کە لەوێ دانیشتبوون کە ئێوە شاهیدی دەدەن کە باوکی ئەم منداڵانە (١٠٠٠) دیناری یا بە من و وتی ئەگەر مردم و نەهاتمەوە بە دڵی خۆت بیان دەرێ ؟ هەموویان وتیان بەڵێ شاهیدی دەدەین. حاکم وتی: کەواتە من لە (١٠٠) دینار زیاتریان نادەمێ , منداڵە داماوەکان واقیان وڕماو بە هەرکەسیان دەوت کەس نەبوو ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە, تا هەواڵەکە بە بالۆل گەیشت.

بالۆل لەگەڵ منداڵەکان هات بۆ لای حاکم و وتی بۆ حەقی ئەم هەتیوانە نادەیت؟ حاکم وتی : باوکیان وەسیەتی وای کردوە منیش لەوە زیاتریان نادەمێ. بالۆل وتی لەسەر قسەکەی خۆت و وەسیەتی باوکیان ئەوەی کە دەتەوێت (٩٠٠) دینارە کەواتە دەبێت ئەو (٩٠٠) دینارە بدەیت بە منداڵەکان و (١٠٠) دینارەکە وەرگریتەوە بۆ خۆت چونکە باوکیان وتویەتی ئەوەی کە خۆت دەتەوێت بیان دەرێ تۆیش (٩٠٠) دینارت دەوێت کەواتە بیدە بە منداڵەکان, حاکم قسەی پێنەماو مەجبور بوو (٩٠٠) دینارەکە بدات بەو هەتیوانە.

# پرسیاری هارون لە بالۆل دەربارەی شەرابەوە

ڕۆژێك بالۆل هات بۆ لای هارەون, خەلیفە ووتی پرسیاری ئەمرۆم لەسەر حەرام و حەلاّلی شەرابە.ئەگەر کەسێك ترێ بخوات حەرامە؟ بالۆل وتی: نا, خەلیفە وتی: ئەگەر دوای خواردنی ترێکە ئاو بخوات بەدوایا چی؟ بالۆل وتی کێشە نیە. خەلیفە وتی دوای خواردنی ترێکەو ئاوەکە تۆزێك لە بەردەم خۆردا دابنیشێت چی؟ بالۆل وتی دیسان هیچ کێشەیەك نیە. خەلیفە وتی : ئەی بۆ هەر ئەم ترێیە لەگەڵ ئاودا دەیدەنە بەر خۆرو حەرام ئەبێت.

بالۆل وتی: ئەگەر تۆزێك خۆڵ بکەن بەسەریەکێکدا ئازاری پێدەگات؟ هارون وتی : نا , بالۆل وتی ئەگەر تۆزێك ئاویش بکەن بەسەریا چی؟ هارون وتی نا ئازاری پێ ناگات. بالۆل وتی : ئەگەر هەر ئەو خوڵە لەگەڵ ئەو ئاوە تێکەڵی بکەن و بیدەن بە دەم خۆرداو ببێت بە خشت ئەو کاتە بیدەن بەسەریا چی؟ هارون وتی : ئازاری پێدەگات. بالۆل وتی : کەواتە بە تێکەڵ بوونی ئاو خوڵ و سەر ئازاری پێگەیشت کەواتە بە تێکەڵ بوونی ترێ و ئاو شتێك درووست دەبێت کەشەرعی خوا حەرامی دەکات. دیارە زەرەری بۆ مرۆڤ هەیە بۆیە حەرامە.خەلیفە لە وەڵامەکەی بالۆل سەری سوڕرماو ئەمری کرد لە پاداشتی ئەو وەلامە جوانەدا دیاریەکی بە نرخی پێشکەش بکرێت.

# ئاموژگاری کردنی هاوڕێك لە لایەن بالۆلەوە

دەگێرنەوە کەسێك گوێدرێژێکی جوانی بە هەدیە هێنا بۆ حاکمێك. ئەوانەی کە لەوێ دانیشتبوون کەوتنە وەسف کردنی گوێدرێژەکە کە ئەمە شانیەتی ئەمە باڵیەتی , یەکێك لەو کەسانەکە لەوێ دانیشتبوو بە فشەوە وتی: من دەتوانم ئەم گوێدرێژە فێری خوێندنەوە بکەم,بۆیە حاکم بریاری داو وتی تۆ کەئەوقسەیە دەکەیت ئەبێ بیسەلمێنیت, کابرا نەیزانی چۆن پەشیمان بێتەوە بە ناچاری داوای کاتی لێ کرد .حاکم وتی: ١٠ رۆژ کاتت هەیە ئەگەر فێرت کرد ئەوە خەڵاتێکی باشت دەکەم ئەگەر نەتوانی ئەوە ئەتکوژم, کابرا گوێدرێژەکەی هێنایەوە بۆ ماڵەوە نەیدەزانی چیبکات , ناچار ماڵی بە جێ هێشت و هات بۆ بازار, لە بازاردا بالۆلی بینی چونکە بالۆلی دەناسی وەستاو کێشەکەی بۆ باس کرد. بالۆل وتی : چارت لای منە بەس بەو مەرجەی جارێکی تر لە خۆتەوە قسەنەکەیت کە ناتوانی جێ بە جێ بکەی, کابرا وتی بەسەرچاو, بالۆل وتی: یەك ڕۆژی تەواو خواردن مەدە بە گوێدرێژەکە, دوای ڕۆژێك تۆزیك جۆ بخەرە ناو چەند لاپەرێکی کتێبێکەوە جا بیخەرە بەردەم گوێدرێژەکەو یەواش لاپەڕەکان هەڵدەرەوە, چونکە گوێدرێژەکە برسیەتی لاپەرەکان هەڵدەداتەوەو جۆکە دەخوات , ئەم ئیشە هەموو ڕۆژێك دووبارەی

# بالۆل و ئەستێرەناس

دەگێرنەوە کەسێك هات بۆ لای هارون الرشیدو خۆی بە ئەستێرەناس ناساند . بالۆلیش لەوێ بوو , ئەستێرەناسەکە لای بالۆل دانیشت . بالۆل وتی ئەتوانی پێم بڵێت لە لای کێ دانیشتوویت؟ پیاوەکە وتی نازانم , بالۆلیش وتی: تۆ کە دراوسێکەت ناناسی چۆن ئەتوانی لە ئەستێرەکان ئاسمان هەواڵ بێنی, ئەو پیاوە بە قسەکەی بالۆل تێك چوو کۆرەکەی بە جێ هێشت.

## باڵۆل و پیاوێکی فێڵ باز

دەگێرنەوە کە باڵۆل دینارێکی ئاڵتوونی بە دەستەوە بوو یاری پێ دەکرد. پیاوێکی فێڵ بازیش کە بیستبووی باڵۆل شێتە، هاتە پێشەوەو وتی: ئەگەر ئەو دینارەم بدەیتێ منیش (١٠) دانە لەو رەنگەت پێ دەدەم. باڵۆلیش کە پارەکانی بینی و زانی کە پارەکان ئاڵتون نیە و تەزویرە، وتی بەو مەرجەی سێ جار وەك گوێدرێژ بسەرێنی قبوڵمە، پیاوەکە وتی باشەو سەرانی، باڵۆل وتی: دەی کەرەگیان وا ئەزانی نازانم بۆ ئەوە هاتووی پارە ئاڵتونەکەی من ببەیت و پارە تەزویرەکانی خۆتم بدەیتێ، پیاوەکە ئەمەی کە بیست لە باڵۆلەوە دەست بە جێ رای کرد.

## پرسیارێك دەربارەی قەومی لوط

لە باڵۆلیان پرسی کە حەزرەتی لوط چ جۆر قەومێك بوون؟ باڵۆل وتی لە ناوەکەیدا وادیارە پێغەمبەری لات و خوێری بووە، وتیان چۆن ئەتوانی ئاوا بە پێغمبەرێك بێ رێزی بکەی، باڵۆل وتی من بێ رێزیم نەکردوە، مەبەستم قەومەکەی بوو، درۆیشم نەکردوە.

## پرسیاری پیاوێك له بارەی شەیتانەوە

دەگێرنـەوە پیـاوێکی زۆر ناشـیرین و بـێ ئـەخلاق بـە بـالۆلی وت حەزەکەم شەیتان ببینم نازانم چیبکەم؟ بالۆل وتی ئەگەر ئاوێنـەت لـە ماڵەوە نیە برۆ لە ئاوێکی پاکدا سەیر بکە شەیتان ئەبینی.

## بالۆل و خزمەتکار

دەگێرنـەوە یـەکێك لـە خزمـەتکارەکانی هـارون الرشید ماسـتی خواردبوو تۆزێك بە ریشیەوە جێ مابوو بالۆلی بینی , بالۆل وتـی ئـەوە چیت خواردوە , خزمەتکارەکـە بـە مەبەسـتی ڕابواردن وتـی گۆشـتی کۆتر, بالۆلیش وتـی مـن پـێش ئـەوەی پـێم بڵێیت ئـەمزانی چییت خواردوە .خزمەتکارەکە وتی: چۆن زانیت . بالۆل وتـی: پارچـەیەکی بەڕیشتەوە جێ ماوە.

## ڕۆیشتنی بالۆل و هارون بۆ ڕاو

ڕۆژێکیان خەلیفەو دارو دەستەکەی بە مەبەستی ڕاوکردن چوو بوونە دەرەوەی شار بالۆلیشیان لەگەڵ بوو, لـە ناکـاو ئاسـکێك دەرکـەوت خەلیفە تیرێکی بۆ تەقاند بەڵام بەری نەکـەوت, بـالۆل وتـی (احسنت)

خەلیفە بەتووڕەییەوە وتی ئەوە گاڵتەم پێ دەکەی؟ بالۆل وتی (احسنت) کەی من بۆ ئاسکەکە بوو کە باش ڕای کرد.

## بالۆل و خاوەن خانوو

دەگێرنەوە کە بالۆل چوو بوو بۆ شاری بەسرە, بالۆل کەسی نە ئەناسی بۆیە ژوورێکی گرت بە کرێ بۆ چەن رۆژێك , بەڵام ئەو ژوورە ئەوەنە کۆنە بوو کە ڕەشەبا یا بارانێك ببارِیایە, دارەکان دەکەوتنە جێرەجیر, بالۆلیش چوو بۆ لای خاوەن خانوەکەو وتی: ئەو ژوورەی داوتە بەمن زۆر ترسناکە, بە هەڵکردنی باو باران دەنگ لە دیوارو سەقفەکەی بەرز ئەبێتەوە.

خاوەن خانووەکەکەسێکی گاڵتە چی بوو, وتی: عەیبی نیە ئەوە هەموو بونەوەرێك تەسبیحات وزیکری خوا دەکەن , ئەودەنگە دەنگە ئەوەیە, بالۆل وتی: راستەکەی بەڵام خۆت دەزانی دوای زیکرەکان سوجدە دەبەن , بۆیە منیش لە ترسی سوجدەی ژوورەکەم ئەمەوێت زوو چارەسەرێك بکەم.

## بالۆل و کتێبی فەلسەفە

دەگێرنەوە کە ڕۆژێکی جەژن بالۆل چوو بۆ مزگەوت , خەڵکێکی زۆر هاتبوون بالۆل ویستی بڕواتە ژوورەوە پێڵاوێکی زۆری بینی بۆیە پێڵاوەکانی خستە ناو پارچە پەڕۆیەك و خستیە ژێربالّی لە ترسی دز چونکە پێشتر جارێك پێڵاوەکانی دزرابوو. کە چووە ژورەوە لە لای

کەسێکدا دانیشت, کابراکە وتی وابزانم کتێبێکی بە نرخ بێت ئەوەی لە ژێر باڵدایە, بالۆل وتی:کتێبی فەلسەفەیە, پیاوەکە وتی: لەکام کتێبخانە کڕیوتە؟ بالۆل وتی: لەدوکانی پینەچی...

## بالۆڵ و داروغە

دەگێرنەوە کە داروغەی بەغدا لەناو کۆمەڵێك خەڵك و بالۆلدا وتی: کەس نیە بتوانێ من بخەڵەتێنێت , بالۆلیش وتی خەڵاتندنی تۆ زۆر ئاسانە, زەحمەتێکی وای ناوێت. داروغە وتی ئەوە ئەزانی ناتوانی بۆیە وادەڵێت. بالۆل وتی داخەکەم ئێستا ئیشێکی زۆر بە پەلەم هەیە ئەگینا ئێستا دەم خەڵەتاندی, داروغە وتی ئەگەر راستەکەی برۆ ئیشەکەت بکەو زوو وەرەوە بالۆل وتی تۆ چاوەرێم بکە زوو دێمەوە , بالۆل ڕۆیشتوو هەر نەهاتەوە, داروغە دوای چەن کاتژمێرێك پەس بوو دەسی کرد بە بوڵە بوڵ و وتی ئەمە یەکەم جارە شێتێك ئەوەندە باش بم خەڵەتێنێت و ئاوا من کاتی خۆم بۆ کوشت.

## دادوەری بالۆل

دەگێرنەوە پیاوێکی عەرەبی فەقیر هاتبوو بۆ بەغداو لە بەردەم دوکانێکی کەباب و گۆشتدا وەستاو , چونکە بۆنێکی خۆشی لێ دەهات وپارەیشی نەبوو نانە وشکەیەکی دەرئەهێناو ئەیدا بەدەم دووکەڵەکەوەو دەیخوارد. خاوەن دوکانەکە ئەمەی کە بینی زۆر پەس بوو وتی تۆ دەبێت پارەم بدەیتێ, بوو بە دەنگە دەنگیان , بالۆل بەویدا تێئەپەڕی , پیاوە فەقیرەکە داوای یارمەتی لێ کرد. بالۆل وتی : بە خاوەن دوکانەکە ئەم پیاوە خواردنی خواردوە ؟ وتی نا بەڵام لە بۆنەکەی سوودی وەرگرتوە, بالۆل وتی: باش گوێ بگرە, ئینجا چەن دینارێکی ئاسنی دەرهێناو دانە دانە ئەیدا بە عەرزدا و هەڵی ئەگرتەوە, وتی بە خاوەن دوکانەکە دەنگی پارەکان وەرگرە. خاوەن دوکانەکە وتی: ئەمە چۆن پارەدانێکە, بالۆل وتی کەسێك لەبۆنی خواردنی فرۆشتبێت ئەبێت دەنگی پارە وەربگرێت. ئەمە دادوەریە.

## بالۆل و پرۆفسۆرێکی بیانی

دەگێرنەوە پرۆفسۆرێکی بیانی زیرەك هاتە شاری بەغداو چوو بۆ کۆشکەکەی هارون الرشید. چەند پرسیارێکی کرد لە وەزیرەکان و پیاوە زیرەکەکانی لای هارون, بەس هیچ کامیان نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە , خەلیفە زۆر تورەبوو وتی: ئەگەر وەڵامی ئەم پیاوە

ئەدەنەوە ئەوە هەرچیتان پارەوماڵتان هەیە دەیدەم بەم پیاوە.
وەزیرەکان داوای شەو ڕۆژێکیان کرد بۆ وەڵام دانەوە, خەلیفە وتی: باشە, یەکێك لە وەزیرەکان وتی وابزانم بڕۆین بۆ لای باڵۆل لە هەمووی باشترەو جگە لەو کەسێکی تر نیە وەڵامی بداتەوە,چوون بۆ لای باڵۆل و بەسەرهاتەکەیان بۆ باس کرد. باڵۆل وتی : باشە ڕۆژی دوایی چوو بۆ کۆشکەکەی هارون و ڕووی کردە پرۆفسۆرەکەو وتی چ پرسیارێکت هەیە بیکە لە من وەڵامت دەدەمەوە. پیاوەکە ڕووی کردە باڵۆل بێ وەستان بە دارەکەی دەستی بازنەیەکی کێشا , باڵۆلیش یەکسەر خەتێکی لە ناوەڕاستی بازنەکە کێشا, کردی بە دوو لەت , پرۆفسۆرکە دووبارە بازنەیەکی تری کێشا, ئەمجارە باڵۆل کردی بە چوار لەتەوە و بەدەستێکی یەکێك لە چوار بەشەکەی دیاری کردو وتی: ئەمە بەشە وشکاییەو سێ بەشەکەی تری ئاوە , پرۆفسۆرەکە وتی زۆر تەواوە باڵۆل باش لێم تێگەیشت و وەڵامەکانی ڕاستەو لە بەردەم هارون و وەزیرەکان وتی (احسنت) زۆر جوانە,دوایی پرۆفسۆرەکە پشتی دەستی خستە سەر زەویەکەو پەنجەکانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان , باڵۆل یەکسەر بە پێچەوانەی ئەو پەنجەکانی خستە سەر زەوی و پشتی دەستی ڕووی کردە ئاسمان , پرۆفسورێکە دیسان ئافرەینی باڵۆلی کردو وتی بە خەلیفە دەبێت زۆر شانازی بە کەسێکی ئاوا زیرەکەوە بکەیت, خەلیفە وتی من لەم پرسیارو وەڵامە تێنەگەیشتم؟ پرۆفسورێکە وتی یەکەم بازنە کە کێشام مەبەستم خڕی زەوی بوو باڵۆل تێگەیشت , کە کردی بە دوو لەت یانی من لەم ڕەمزانە تێئەگەم و ئەو خەتەیش خەتی ئیستیوایەو زەوی

دەكات بە دوو بەشی باكوور و باشوور , بازنەی دوەمەیشم كە كێشا كردم بە چوار بەشەوە بالۆل دیسان لێم تێگەیشت و ئەمجارەیش ئیشارەی بەوە كرد كە زەوی ئەگەر بیكەی بە چوار بەشەوە سێ بەشی ئاوەو بەشێكی وشكاییە, جاری سێیەمیش كە من دەستم وا لێ كرد مەبەستم ئەوە بوو پشتی دەستم یانی زەوی و پەنجەكانیشم یانی گوڵ و گیاو نەباتەكان , دیسان بالۆل تێگەیشت و پێچەوانەی منی كرد مەبەستی ئەوە بوو ئەمانەی كردم پێویستیان بە باران و خۆرە . دەبێت ئێوە زۆر شانازی بە بالۆل بكەن . وەزیرەكان زۆر دەسخۆشیان لە بالۆل كردو سوپاسی خوایان كرد كە ئاوا رزگاریان بوو بە دەس خەلیفەوە.

## دادوەری بالۆل و وەڵامە قورسەكەی

دەگێرنەوە بازرگانێكی هیندی كە شت و مەكی لە هێندەوە ئەهێنا بۆ بەغدا دەیفرۆشت. شەوێكیان بۆ حەسانەوە لە كاروانسەرایەك لای داو داوای خواردنی كرد, خزمەتكارەكە مریشكێكی كوڵاوو چەن هێلكەیەكی بۆ هێنا , بازرگانەكە بەیانیەكەی كە خەبەری بویەوە بینی كە قافڵەكە بە جێ ی هێشتوە بۆیە پەلەی تێكەوت و هەرچی گەڕا بەدوای كەسێكدا پارەكەی بداتێ بەڵام كەسی نەبینی بۆیە ناچار بوو لەگەڵ قافڵەكەبڕوات , ساڵێكی تر دیسانەوە بازرگانەكە هاتەوە بۆ هەمان شوێن و لە هەمان خزمەتكارەكە داوای خواردنی كرد. وەكو پێشتر مریشكێكی كوڵاو وچەن هێلكەیەكی بۆ هێنا بازرگانەكە بەیانیەكەی بە خزمەتكارەكەی وت من پار پارەی مریشكەكەو

هێلکەکانم بە ئێوە نەداوە ، پارەی خواردنەکەو ئەوەی پار بە یەکەوە بۆم حیساب بکە.

خزمەتکارەکە دوای چەن دەقەیەك وتی: هەزار دینار بەدڵنیاییەوە باش حیسابم کردوە ، بازرگانەکە کە ئەمەی بیست زۆر تورە بوو وتی: دیارە تۆ شێتی کە بۆ دوو مریشك و چەن هێلکەیەك داوای ئەو پارەیە دەکەیت. خزمەتکارەکە وتی زۆر بە ویژدانەوە حیسابم کردوە و دڵنیابە نە زۆرم وتوە نە کەم, بازرگانەکە وتی : سوپاس بەڵام ئەکرێ نێم بگەیەنی چۆن حیسابت کردوە ؟ خزمەتکارەکە بە وردی گوێم لێ بگرە,ئەگەر ئەو مریشکەی تۆ خواردت لەگەڵ هێلکەکانی بمایە و هەر ەمان مریشك هێلکەکانی بخستایەتە ژێری ئەو کاتە دەبوون بە جوجەڵەو هەریەکەیان هێلکەیەکی زۆریان ئەکردو ئەبوون بە جوجەڵەو مریشك , تا ئێستا دەبوون بە هەزاران مریشك منیش دەرخواردی خەڵکیم ئەدا .کەچی ئێستا

تۆ من بە شێت ئەزانی دەڵەیت هەزار دینار زۆرە, دەنگەدەنگی خزمەتکارەکەو بازرگانەکە درێژەی کێشاو.خەڵکەکە هەرچی خەریك بوون نەیانتوانی بێدەنگیان بکەن بۆیە وتیان با بنێرین بەدوای کوێخای ئاوایی,کاتێك کوێخا هاتووو ڕووداوەکەیان بۆ باس کرد وتی حەق بە خزمەتکارەکەیەو دەبێت هەزار دینارەکەی بدەیتێ . بازرگانە داماوەکە نەیزانی چی بکات , مات وحەیران بووبو . یەکێك لە هاوسەفەرەکانی کە لەگەڵ بالۆل هاورێ بوو وتی : لێرەوە تا بەغدا زۆر دوور نیە با من بچم و دادوەرێك بێنم,هەرچی وت با قبولی بکەین . هەموویان وتیان

زۆرباشه. پیاوەکە بە پەلە سواری هێسرێك بوو ڕۆیشت بۆ بەغداو

بالۆلی لە مزگەوتێك دۆزیەوەو ڕووداوەکەی بۆ باسکرد. بالۆلیش وتی

زۆرباشە. لەگەڵی سوار بوو هاتن بۆ ئەوێ, کاتێ کە نزیك بوونەوە

بالۆل وتی تۆ لە پێش من بڕۆ بڵێ من نیو کاتژمێری تر یم , پیاوەکە

هاتەوەو وتی نیو کاتژمێری تر دادوەرەکە دێت , هەموو چاوڕێان

دەکرد, بەڵام دوای نیو کاتژمێرەکەیش نەهات, دوای یەك کاتژمێرونیو

وردە وردە هات,کاتێ کە نزیك بوویەوە لە بەری هەڵسان , بالۆل

دانیشت و وتی چ باسە؟ ئەوانیش بۆیان باس کرد کە چی ڕوویداوە,

بالۆل وتی بەس پێش ئەوە دادوەری بکەم داوای لێبوردن دەکەم کە

دواکەوتم , دواکەوتنەکەیشم بەجێگەبوو,من چونکە جگە لە دادوەری

جوتیاریش دەکەم لەم ناوەیشدا زەوییەکم هەیەو بیستبوویشم کە

ئەمڕو جوتیارەکان لێرە گەنم وەردەگرن دەیکوڵێنن جا دەیوەشێنن تا

گەنمێکی باش و جوان سەوزبێت, بۆیە دواکەوتم لەم ساعەتەدا گەنمەکەم

دەکوڵاند,بۆیە دووبارە داوای لێبوردن دەکەم,کوێخا و خەڵکەکە وتیان لەم

دادوەرە شێتە چۆن دەبێت گەنم پێش وەشاندن بکوڵێت؟ بالۆلیش وتی هیچ

سەیر نیە لە شارێکدا مریشکی کوڵاو بتوانێت جوجکی هەبێت گەنمی کوڵاویش

سەوز ئەبێت.لەم وەڵامە ڕەقەی بالۆل هەموویان بێدەنگ بوون و کوێخا وتی بە

خزمەتکارەکە ئەم دادوەرە ڕاست دەکات مریشکی کوڵاو چۆن ئەتوانێ جوجکە

بکات؟لە کۆتاییدا پارەیەکی کەمیان بۆ هەردوو خواردنەکە دیاری کردو پایان بە

خزمەتکارەکە و ڕێك کەوتن.

# ڕۆیشتنی بالۆل بۆحەمام


ڕۆژێکیان بالۆل ڕۆیشت بۆ حەمام بەڵام ئەو کەسانەی لەوێ ئیشیان دەکرد زۆر نە چوون بە دەمیەوە ئەو شوێنەی کە بالۆل مەبەستی بوو بۆیان نەشۆری، بەم حاڵەشەوە کە لە حەمام چووە دەرەوە ١٠ دیناری پێ بوو هەمووی دابەخاوەنەکەی و ئەوانەی لەوێ ئیشیان دەکرد,هەموویان پەشیمان بوون کەوایان کردوە ,بالۆل هەفتەیەکی تر چوو بۆ هەمان حەمام ئەمجارە هەموویان بە ڕێزێکی زۆرەوە خزمەتیان کردو جوان شۆر دیان بەڵام ئەم جارە بەو هەموو خزمەتەوە بالۆل کە تەواو بوو بەس یەك دیناری پێدان , وتیان ئەرێ حیکمەتی کرداری ئەم هەفتەو هەفتەکەی پێشوو چیبوو؟

بالۆل وتی: پارەو حەقی ئەمڕۆتان هەفتەکەی پێشوتر پێم دان بەلام پارەی ئەمڕۆ هی هەفتەکەی پێشووە, تا فێربن چۆن لەگەڵ موشتەری هەڵسوکەوت بکەن.

کتێبخانەی بێخود

بۆچاپ وبلاوکردنەوە

٠٧٥٠١٧٨٦٨١٨




نرخی ( 2000 ) دینارە

لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بێخود- سەیدصادق
07501246818